# ئەستێرەکانی دەوری پێغەمبەر ﷺ
# و
# هەڵوێستی ناحەزانی ڕافیزی

نووسین و ئامادەکردنی: هێمن عەبدولعەزیز

Hemen_abdulaziz@yahoo.com

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إلَهَ إلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً.

اَمّا بَعْدُ:

فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابَ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة.

## پێشەکی:

ئەم نووسراوەی بەردەستتان ئاماژە بۆ بەگەورتین و بێوێنەترین گرۆی سەر زەوی ئەکات، کە بریتین لەئەستێرە پرشنگدارەکانی دەوری پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، کە لەوێ ڕۆژێوە تاکوو ئێستا تیشکی خۆری نەپساوەیان هەموو دونیای گرتۆتەوە.. ڕۆژ لە دوا ڕۆژو سات لە دوا سات پرشنگی خۆری جوامێریان بێ وەستان هەر گڵپەی دێ و ناکوژێتەوە !!

یارانی پێغەمبەر ئەم ئەستێرەگەلەبوون کە خوای تاکوتەنها بۆ گەورەترین پیاوی سەر زەوی.. بۆ پاکترین و خۆشەویسسترین کەسی سەر زەوی کردبوو بە بازووێکی پۆلاینی ئایینەکەی، تا لە خۆشی و نەهامەتی.. لە گەرماو لە سەرما.. لە تێرو لە برسییەتی بە هەموو سیفەتێکی جوامێری و مەردایەتییانەوە دەگەڵیدا بەشیان کردبوو.. بەڵکوو بەشی ئەویشیان لە ناخۆشییەکان بە زیادەوە لەسەر شانی خۆ دا ئەنا.! ئامادەبوون هەموو گیان فیداییەك بنوێنن بەس بۆ ئەوە قامکێکی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بریندار نەبێت..!

بۆیە مەحوی شاعیر زۆر جوانی فەرمووەو وەسفیان دەکات و دەڵێت:

بە نووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوبون

غەریبی تازە هاتوو دەیوت: ئەم پێغەمبەرستـــــــــــــانە

بۆیە ئێمەش لێرە دەستمان داوەتە قەڵەم و بە پێویستمان زانی زۆر لایەنی گرنگ هەیە سەبارەت بەم ئەستێرە پرشنگدارانەی دەوری پێغەمبەر کە ئەبێ بیزانین و هەڵوەستەی لەسەردا بکەین، کە حەیفێ زۆرێك لە مسوڵمانان هێشتا بە گەورەیی ئەم

كەڵەپیاوانەیان نەزانیوە!! بۆیە بە پێویستمان زانی كە لەم نووسینەی بەردەستتان ئاماژە بەچەند مەسەلەیەكی گرنگ بدەین لەوانە:

(١) ئاماژەدان بەوە كە یارانی پێغەمبەر "صَلّی اللہُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" نەوەیەكی قورئانی بێوێنە بوون..

(٢) خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّی اللہُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" لە قورئان و سوننەت و هەڵوێستی زانایان..

(٣) چەند وێنەیەك لە خۆشویستنی یارانی پێغەمبەر"صَلّی اللہُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"

(٤) شوێنكەوتنی یارانی پێغەمبەر "صَلّی اللہُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" واجبە:

(٥) هەڵوێستی ئەهلی سوننەت و جەماعەت سەبارەت بەو فیتنەو ئاژاوانەی كە كەوتبووە نێوان هاوەڵانی پێغەمبەرەوە!

(٦) هەقیقەتی ناكۆكییەكانی نێوانیان..

(٧) حوكمی جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەر"صَلّی اللہُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"

(٨) هەڵوێستی شیعەكان بەرامبەر بە هاوەڵانی پێغەمبەر"صَلّی اللہُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"

لەوانە هەڵوێستی كولەینی و خومەینی نیقمەتوڵڵای جەزائیرو ... هتد بەرامبەر بە هاوەڵانی پێغەمبەر

---

## نەوەیەكی قورئانی بێ وێنە

سەیید قوتب (رحمه الله) لە كتێبی (معالم في الطريق) لە ژێر ناونیشانی: (نەوەیەكی قورئانی بێ وێنە)دا زۆر جوان باس لە چینی سەحابەی كیرام دەكات و دەڵێت:

چەند ڕواڵەتێكی مێژوویی هەن پێویستە بابای بانگخواز لە هەمووسات و كاتێكیدا لەبەری هەڵوەستە بكات و قسەی لەسەر بكات و بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ لەبەرامبەری بوەستێ و باسی بكات، چونكە ئەم مێژووەی ئەوان پێگەیەكی پتەوی هەبووە لە بەرنامەی بانگەوازو ئاڕاستەكەی.

ئەم بانگەوازە كورگەلێكی پێگەیاند كە جیلی سەحابەی كیرام بوون (رضوان الله عليهم)، نەوەیەكی جیابوون لە هەموو نەوەكان لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵكوو لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوان بە چەشنێ بوون كە جارێكی تر لە مێژوودا لەم چەشنە نەوەیە ئەبەد درووست نەبێتەوە.. كۆمەڵی وا بەم شێوە قەت لە داهاتوودا لە یەك

شوێندا کۆ نابنەوە، وەك ئەوان کۆ ببوونەوە.

دیارە کە ئەم حاڵەتەش دیاردەیەکی ئاشکرا بوو لەوێ ڕۆژێ، بەڵام لەو چەشنە ناوێزەی کە لەو ڕۆژە هەبوو شتێکی سەیرەو بۆ هەمووان دەبێت لە بەرامبەردا هەڵوەستەیەکی دووروودرێژییان لە ئاستا بکەین، تا بتوانین دەرك بە نهێنی تاقانەبوونیان بکەین.

ئاشکرایە کە ئێمە قورئانمان لە بەردەستایە، وە فەرموودەی پێغەمبەرو ڕێنموونییەکان و ژیانی پڕ شکۆی ئەو زاتە پاکەمان لە بەردەستایە، وەك چۆن لەبەردەم هاوەڵانیشدا هەبوو.. کەوابوو نهێنی تاقانەیی ئەو نەوەیە لەوەدا نەبوو، چونکە لەڕووی سەرچاوەی تەشریعەوە هەر ئەوەبوو کە لەبەردەستی ئێمەدایە ئەمڕۆ.

خۆ ئەگەر بوونی کەسایەتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" شتێکی حەتمی بێت بۆ ئەم بانگەوازە ئیسلامییەو بۆ حاسڵاتی بەروبوومەکەی، ئەوە ئەم بانگەوازە بۆ هەموو خەڵك نەدەبوو، وە نەیشدەبوو بە دوا پەیام، وەك نەیشدەبوو بە داینەمۆی بەڕێوەبردنی کاری هەموو خەڵك لە سەر زەوی تا ئاخری زەمان..

بەڵام خوای گەورە پاراستنی ئەم قورئانەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، وە دەیشی زانی کە دوای وەفاتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە ئەم بانگەوازە هەر بەردەوام دەبێت و حاسڵاتەکەی سوودی دەبێت.. بۆیە نەمانی پێغەمبەری لەدوای ئەم بیست و سێ ساڵەی بانگەوازو بەردەوام بوونی ڕێڕەوەکەی دیسان هەقیقەتی نهێنی تاقانەیی ئەم نەوەیەمان هەر بۆ ئاشکرا ناکات.

**کەواتە: با بەدوای هۆکارێکی تردا بگەڕێین تا بزانین کە ئەم نەوەیە بۆچی وا تاقانەو قورئانیی هەڵکەوتبوون؟**

با سەیری ئەم کانیاوە بکەین کە ئەم نەوە یەکەمەی ئیسلام ئاویان لێ هەڵئەهێنجاو لێیان دەخواردەوە، وە بە وردبوونەوەو تێڕامانمان لە هەقیقەتی تاقانەیی ئەم کەڵەپیاوانەی ئەوێ ڕۆژێ با ئاوڕێك لەو کانیاوە پڕ ئاوە بدەینەوە.. دیارە کە کانیاوی سازگاری ئەم ئیسلامەش هەر ئەو بەرنامەیە بوو کە ئەوان لەسەری پەروەردە

ببوون.

کانیاوی یەکەم ئەم کانیاوە بوو کە ئەم نەوە تاکە ئاویان لێ دەخواردەوە، ئەویش بریتی بوو لە قورئان، قورئان بە تەنها.. بۆیە هەر فەرموودەیەك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، یا هەر ڕێنماییەك لە ڕێنماکانی ئەو زاتە پاکە سەرچاوەکەی هەر ئەم کانیاوە پاکەی قورئان بوو، بۆیە کاتێ کە پرسیاری ڕەوشتی پێغەمبەریان "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە عائیشە کرد "خوا لێی ڕازی بێت" ئەویش فەرمووی: «كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآن» (أخرجه النسائي). واتە: ڕەوشتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قورئان بوو.

کەواتە بە تەنیا قورئان ببوو بەو کانیاوەی کە ئەوان ئاوی سازگاریان لێی دەخواردەوە، ژیانیان پێ دەگوزەراند و لەسەری پەروەردە دەبوون.. ئەمەش لە بەر ئەوە نەبووە کە کەسانێ بڵێن: ئاخر لەو سەردەمەدا بەشەرییەت نە شارستانییەت و نە ڕۆشەنبیری و نە زانست و زانیاری و نە نووسراوو لێکۆڵینەوەی لە بەردەستا نەبووە..!!!

بۆیە ئێمەش دەڵێین: هەرگیز ئەمانە هیچ قسەی ڕاست نین، بەڵکوو ئەو سەردەمە سەردەمی شارستانییەتەکان بوو.. لەوانە: شارستانییەتی ڕۆمان لە ئارادابوو، فەرهەنگ و نووسراوو یاسای ئەوتۆیان لە بەردەستابوو کە ئێستاش ئەورووپا لەسەری ئەژین و پشتی پێ دەبەستن، ئەمە جگە لەوە کە ئەو سەردەمە پاشماوەی شارستانییەتی ئیغریقییەکان لە مەنتیق و فەلسەفەو هوونەردا ە ئارادابوو، هەربۆیە لەوێ ڕۆژێوە تاکوو ئێستا ئەو شارستانییەتە بووەتە سەرچاوەی بیری ڕۆژئاوا.. جگە هەر ئەو سەردەمە شارستانییەتی هوونەرو شێعرو ئەفسانەو بیرباوەڕو سیستەمی حوکمی فارسەکان لە ئارادا هەبوو.. وە چەندین شارستانییەتی تر لەو سەردەمەدا لە نێو خەڵکیدا ناسراوو ئاشکرا بوو.

بۆ نموونە هەردوو شارستانییەتی ڕۆمانی و فارسیی لە دوورگەی عەرەبی لە باکوورو باشوورییەوە شوێن پێیان قاییم بوو، وێڕای ئەمانە هەردوو ئایینی جوولەکەو دیانەکان لە نێو جەرگەی دوورگەی عەرەبیدا بوونی هەبوو، کەوابوو ئەو سەردەمە لە نەبوونی شارستانییەتەکان و ڕۆشەبیرییەکان نەبوو تا ئەو نەوە تاکەی ئیسلام لە

نەبوونی ئەوانە تەنها قورئان بکەن بە ڕێڕەوی ژیانیان تا بەم شێوە تاقانە هەڵکەون، بەڵکوو هۆکاری تاقانەییان نەخشەیەکی داڕێژراوی پتەوو بەرنامەیەکی تۆکمەی مەبەست لە ئارادابوو کە وایکرد ئەو نەوە قورئانییە تاکە بێتەبەر، بۆیە دەبینین کەوا پێغەمبەری ئەکرەم "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" زۆر تووڕە بوو کاتێ کە لاپەڕەیەك لە تەوراتی بە دەست عومەری کوڕی خەتتابدا بینی فەرمووی: «فَإنَّهُ لَوْ كَانَ مُوسَى حَيًّا بَيْنَ اَظْهُرِكُمْ مَا حَلَّ لَهُ اِلَّا اَنْ يَتَّبِعَنِي» (رواه الحافظ أبو يعلى عن حماد عن الشعبي جابر). **واتە: بزانە ئەگەر موسا ئێستا زیندوو بوایە، بۆی درووست نەبوو کە جگە لە شوێن کەوتنی من شوێنی هیچ شتی تر بکەوێت؟!!**

**کەواتە لێرەوە دەگەین بە نهێنی تاقانەبوونی ئەم نەوە پاکەی سەحابە، ئەویش پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەیویست کە یارانی خۆی تەنها لە یەك کانیاو هەڵێنجن و تینوێتی خۆیان پێ بشکێنن، ئەویش قورئانی پیرۆز بوو.** دەیویست ئەو قوناغە بکات بە قوناغی تەکوین، دەیویست تەنها لەسەر بنەمای کتێبی خوا ئەو نەوەیە بێتە بەر، وەك دەیویست کە نەفس و ئێرادەیان تەنها بەو کانیاوەوە جۆش کات و پشتی خەڵکەکە تەنها بەم کتێبەوە قایم بکات، بۆیە کە ئەمەی بەدەست عومەریشەوە بینی وا بەم چەشنە تووڕە بوو! چونکە نەیدەویست کە یارانی جگە لە ئاوی سازگاری ئەم قورئان دەم لە ئاوی هیچ کانیاوێکی تر بدەن.

هەڵبەت پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەیویست نەوەیەك درووست بکات کە دڵیان پاك بێ.. ئەقڵیان پاك بێ.. جیهانبینیی (التصور)یان پاك بێت.. هەست و سۆزیان پاك بێت.. بە چەشنێ تەکوین بن کە بە هیچ شتێ کاریگەر نەبن جگە لەو بەرنامە خواییە نەبێ کە قورئانی پیرۆزە.

کەواتە ئەم نەوە تاقەی قورئان تەنها لەم کانیاوە پاکەی ئیسلام ئاوی شیرینی سازگاریان هەڵێنجاوە، هەڵبەت ئەمەش وێنەیەکی تاکی بێ ئاهاوتایە لە مێژوودا..

**بەڵام** پاش ئەمە چی ڕوویدا؟

ئاشکرایە کە کانیاوەکان لەدوای ئەم نەوە تاکەوە تێکەڵ بە یەکتر بوون..!! کۆمەڵێ کانیاو تێکەڵ بەم کانیاوە

کران، کە بریتی بوون لە فەلسەفەی ئیغریق و مەنتیق.. ئەفسانەی فارسەکان و جیهانبینییەکان.. ئیسرِئیلیاتی جوولەکەو لاهووتی نەساراکان.. ئەمە جگە لە شارستانییەت و ڕۆشەبیرییە نیشتووەکان.. هەموو ئەم کانیاوە تێکەڵ و پێکەڵانەی کە تێکەڵ بە کانیاوی ڕاستەقینەی ئیسلام کران لە ڕێگەی تەفسیر کردنی قورئان و عیلمی کەلامەوە بوو، هەروەك تێکەڵ بە فیقهـ و ئوسوڵەکەیەوە کرا، بۆیە ئەم نەوەی کە لە دوای ئەوانەوە هاتنە پێش بۆ شکاندنی تێنوێتییان دەستیان لەو کانیاوە پاکەی ئیسلام کە قورئانە بەربوو، بۆیە تێگەیشتنی خۆیان لە تێکەڵاوی ئەم هەموو کانیاوە تێکەڵەوە وەرگرت. بۆیە ئەم نەوە تاکەی قورئان کە جیلی سەحابە بوون جارێکی تر قەت پەیا نابنەوە.

هەروەها هۆکاری تریش هەڵبەت لە ئاردا هەن کە وای لەم نەوانەی دوای نەوەی سەحابەکرد کە کە ئەوەك ئەوان تاك دەرنەچن، ئەویش جیاوازییە لە بەرنامەی وەرگرتن (منهج التلقي) لەگەڵ بەرنامەی وەرگرتنی جیلی سەحابە.

یارانی پێغەمبەر، کە نەوەی یەکەم بوون، قورئانیان بۆ ئەوە نەدەخێندەوە تاکوو زانست و ڕۆشنەبیریان پێی زیاد ببێت، وە نەیاندەخوێندەوە لە بەر ئەوە تامەزرۆ ببوون! یا بۆ ئەوە نەبوو تاکو ئاستی ڕۆشەنبیریان پێی زیاد بکەن، هەروەوەك بۆ ئەوەش نەبوو تاکوو پێیەوە زانستیتر بخەنە سەر زانستەکانیانەوە، بەڵکوو ئەوان بۆیە دەهاتنە لای قورئان بۆ ئەوە بگەن بە فەرمانە تایبەتییەکانی خوا و ئەو فەرمایشتانەی کە پەیوەستن بەو کۆمەڵانەی کە لەگەڵ ئەم قورئانەوە دەژین، یا بۆ ئەوە دەهاتنە لای قورئان تا هەرکە گوێیان لە فەرمانەکانی خوا ببوایە یەکسەر بێ منجەمنج کردن جێبەجێی بکەن! ئەوان بە دە ئایەت بەسیان دەکرد، تا دەهاتن ئەم دە ئایەتەیان جوان لە بەر دەکرد و لە ژیانیاندا جێبەجێ و پراکتیزە دەکرد، ئینجا دەهاتن ئایەتی یازدەمینیان وەردەگرت، هەروەك لە فەرموودەکەی ئیبنومەسعوود "خوا لێیان ڕازی بێت" ئەمە ئاشکرا دەبێت.

ئەم هەستە.. هەستی گەیشتن بە قورئان و جێبەجێ کردنییان لە ژیانیاندا.. دەرگای تێگەیشتنیان لە قورئان بۆ

ئاوەڵا بوو.. هەڵبەت ئەم سنووری تێگەیشتنەیان بۆ ئاوەڵا نەئەبوو ئەگەر ئەوان مەبەستیان لەگەیشتنیان بە قورئان بۆ دیراسەکردن و شارەزایی ببوایە، چونکە ئەوە بۆ ئەوان زۆر ئاسان بوو ئەگەر مەبەستیان بووایە..

ئەم قورئانە گەنجینەی خۆی نادات بەکەسێك مەگەر ئەو کەس بە گیانییەوە داوای نەکات، گیانی مەعریفەتێك کە هانت ئەدات بۆ کارکردن بەو مەعریفەوە، وە ئەوان ڕوویان لەو قورئانە نەکرد لەبەر ئەوە کتێبێکی ئەقڵی بووە و لە لەگەڵ ئەقڵەکان ڕێك دێتەوە، یان کتێبێکی ئەدەبی و هوونەری بووە، یان کتێبێکی چیرۆك ئامێزو مێژوویی بووە، هەرچەند ناوەڕۆکی ئەم قورئانە هەموو ئەوانەی وا تیایە، بەڵام پێشی هەموو ئەمانە قورئان هاتووە بۆ ئەوەی ببێت بە بەرنامەی ژیان، بەرنامەیەکی پاکی خوایی، خوا (سبحانه وتعالى) بەو بەرنامەیە ئەم خەڵکەی هێنایە سەر دووڕیانێك تا هێندێك بۆ هێندێکان بخوێننەوە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنْزِيلاً﴾ (الإسراء: ١٠٦). واتە: وە قورئانمان بەش بەش بۆت ناردووە بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵکیدا بە لەسەر خۆیی و هێواشی وە ئەم (قورئانە) مان بەو شێوە دابەزاند. (پوختەی تەفسیری قورئان)

ئەم قورئانە بە یەك ڕستە دانەبەزیوە، بەڵکوو بە پێی ویست و داخوازی خەڵکەکە دابەزیوە، بە پێی گەشونمای ئەفکارو جیهانبینییەکان دابەزیوە، گەشەی یەك بەدوای یەکی کۆمەڵگەو ژیان، وە بە پێی گرفتە کردەییەکان کە کۆمەڵێکی مسوڵمان لە ژیانی واقیعی خۆیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئایەتێك یا ئایەتەکان بە پێی حاڵەتە تایبەتییەکان و ڕووداوە دیارکراوەکان دادەبەزن.. قورئان هات تاکوو بەرنامەیەکی کردەیی سەبارەت بە هەڵوێستەکان بۆ خەڵکەکە بکێشێت، وە هاتووە کە هەڵە شعوورییەکان و ڕەوشتەکان ڕاست بکاتەوە، وە هاتووە تاکوو هەموو ئەو گرفتانە ببەستێتەوە بە خوای پەروەردگارەوە، وە بۆ ئەوەیە تاکوو ئەو سیفەتانەی خوایان پێ بناسێنێتەوە کە کاریگەرییان خستۆتە سەر بوونەوەرەوە. تاکوو بەم پێیە هەست بەوە بکەن کە لەگەڵ مەلەئی ئەعلاو لە ژێر چاودێری خواوە دەژین، بەپێی ئەم بەرنامە ئیلاهییە تۆکمەو بەهێزەو لەبەر

ڕۆژشنایی قودرەتیی خواوە ژیان بگوزەرێنن.

بەرنامەی وەرگرتن بۆ جێبەجێ کردن، ئەمەبوو وایکرد کە ئەم نەوە تاکە قورئانییەی یەکەم درووست ببێت. بەڵام بەرنامەی گەیشتن تەنها بۆ دیراسەکردن و خۆشگوزەرانی بوو وای کرد کە ئەم نەوەی دوایی وەك ئەوان تاك دەرنەکەون.

**هۆکاری سێیەم** کە زۆر پێویستە هەڵوەستەی لێ بکەین و لێی وردەوە بین ئەوەبوو:
کاتێ کە پیاوێك لەو سەردەمە دەهاتە نێو ئیسلام ئەوە هەرچییەکی هەبوو لە نەفامیی ڕابردووی لەبەر خۆی دائەکەند، ئەوکاتەی کە دەهاتە ناو ئیسلام لەم ڕۆژەوە دەستی ئەدایەو دەستی پێ دەکرد، بە تەواوی لە ژیانە نەفامییەکەی دەبووەوە، کە دەهاتە نێو ئیسلام زۆر بە خراپ و بەگومان ئاوڕی لە نەفامییەتی پێشووی خۆی ئەدایەوەو بە خراپ و بە ترس لێی ڕائەما. هەستی دەکرد کە هەموو ئەو پیسی و خراپیانەی لە سەردەمی نەفامی خۆی هەیبوون ئێستا قەت لەگەڵ ئەم ئیسلامە ڕێك نایەتەوە. ئا بەو هەستەوە دەگەیشت بە هیدایەتی ئیسلامی نوێ. بۆیە هەر کاتێ نەفس بەسەریدا زاڵ بوو، یان تەنها جارێك دابونەریتی پێشوو ڕاپتەکاندایە، یان جارێ هەستی بە لاوازی لە بەرامبەر تەکالیفەکانی ئیسلام بکردایە، ئەوە هەستی بە تاوانێکی زۆر گەورە دەکرد لە ناخیدا. لە نەفسی خۆیدا هەستی بەوە دەکرد کە پێویستی بە شتێکە تاکوو پاکی بکاتەوە لەو تاوانەی بەری پێ گرتووە، بۆیە جارێکی تر سەر لە نوێ بە پێی هیدایەتی قورئانەوە هەنگاوی دەهاویشت.
بۆیە کەنارگیرییەکی هەستیی (العزلة الشعورية) تەواو لە نێوان ڕابردووی بابای مسوڵمان لە سەردەمی نەفامی خۆی و ئێستای ئیسلامەتیدا هەبوو، هاتنە نێو ئیسلامەتی ئەو کەسە کەنارگیرییەکی تەواوی بۆ دروست دەبوو سەبارەت بە کۆمەڵگە نەفامییەکەی دەروبەری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، بەڵکوو بە تەواوی لە ژینگە نەفامییەکەی پێشووی دادەبڕاو بۆ هەتا هەتایە بە ئیسلامەوە ئەلکاو لێی جیا نەئەبووەوە.
بێگومان کەنارگیری هەست و هۆش شتێك بوو و مامەڵەی ڕۆژانەی شتێکی تر بوو.
بە تەواوی پۆشاکی نەفامی لەبەرخۆیدا ئەڕنی و وازی لەهەموو جیهانبی و دابونەریت و پەیوەندییەکانی خۆی دەهێنا، وە بەتەواوی پۆشاکی بیروباوەڕی شیرك و هاوتاپەرستی دائەکەندو بیروباوەڕی یەکخواناسی لەبەردەکرد، وە لە جیهانبینی نەفامی دەپەڕیەوە بۆ جیهابینی ئیسلامیی.. لە ژیانیدا و لە بوونیدا. وە سەر لە

نوێ پەیوەندی بە کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە دەکرد و لەگەڵیاندا ئاوێتە دەبوو، بەڵکو تێکەڵبوونی بەم کۆمەڵگە ئیسلامییەو کەوتنە ژێر باری ئەو قیادە قورئانییە هەموو وەلائێك و هەموو تاعەتێکی ڕاستەقینەی بە هەموو ژیانیەوە دەبەخشی، بەڵکوو هەموو ئاکارو ڕەفتارێکی ڕۆژانەی بەوەوە پابەند دەبوو.

ئەمەبوو دووڕیانی ڕاستەقینە، هەر لەو دووڕیانەوە سەر لەنوێ ڕێگەیەکی تازەو نوێی دەدۆزیەوەو دەیگرتە بەر، ڕۆیشتنێك بە خێراییەکی زۆر لەبەردەم ئەم هەموو پاڵەپەستۆیە کە کۆمەڵگەی نەفامی لەگەڵ ئەو هەموو دابونەریتە نەفامییە لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبوونەوە هەنگاوی دەناو دەڕۆیشت، بۆیە لەوێ ڕۆژێ بابای مسوڵمان ئاستەنگێ کە هەمیشە ڕووبەڕووی دەبوەوەو دەستەویەخەی دەبوون، بریتی بوو لە ئازارو ئەشکەنجەی بەردەوام و ناڕەحەتی بێپسانەوە لە چنگ نەفامییەتی ئەوێ ڕۆژێ.. بەڵام ئەو تازە لە ناخی خۆیدا قەراری گرتووەو بە تەواوی لە نەفامی بووەتەوە، بۆیە نە پاڵەپەستۆکانی نەفامی نە دابونەریتەکانی کۆمەڵگە جارێکی تر چۆکیان پێ نەئەداو ئەژنۆیان پێ شل نەئەکرد.

ئێمە ئێستا لە نەفامی داین، وەك ئەو نافامییەی کە ئیسلام هات و ڕایماڵی، یان خراتر لەو سەردەمە نەفامییە ژیان بەڕێ ئەکەین!! هەرچی لە دەروبەرمانایە هەر نەفامییە.. جیهانبینی و بیرباوەڕی خەڵك هەر نەفامییە، دابونەریتییان هەر نەفامییە، داهاتی ڕۆشەنبیریان، هوونەریان و ئادابیان، شەریعەت و یاسایان، هەتا زۆرێك لەوانەی کە پێشیان دەڵێتن: ڕۆشەنبیری ئیسلامیی و سەرچاوەی ئیسلامیی و فەلەسەفەی ئیسلامیی و بیرکردنەوەی ئیسلامیی، هەموو ئەوانە لە دروستکاروەکانی نەفامین.

بۆیە ئێستا ڕەوشتە ئیسلامییەکان لە ناخماندا ڕەگ ناکوتێ و لە ئەقڵماندا جێگیر نابێت، هەربۆیە لە نێوماندا هەمان نەوە درووست نابێت کە ئیسلام لەو سەردەمە ئەو نەوە نوێ قورئانییە تاقانەیەی درووست کرد.

کەواتە: هەر پێویستمان بە بەرنامەیەکی بزاقی ئیسلامیی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە بتوانین لە هەموو ئەو کاریگەرییە نەفامییەی کەوتۆتە سەرمان لە خۆدا بڕنین و بگرەڕێینەوە سەر هەمان ئەو کانیاوە سازگارەی کە ئەم کەڵە پیاوانەی ئەوێ ڕۆژێ توێنوێتی ڕۆژگاریان لێی دەشکاند. هەر پێویستە بۆ ئەو کانیاوە ساف و سازگارەوە بڕۆینەوە کە ئەو کەڵە پیاوانە بۆی ئەچوون و توێنیتیان پێی ئەشکاند، چونکە هەر ئەو کانیاوەیە کە زامنی هەموو شتێکە، چونکە ساف و سازگارەو هیچ شتێکی دەگەڵدا تێکەڵ و ئاوێتە نەبووە، بچینە سەر ئەو کانیاوە کە پێیەوە جیهانبینیمان و هەقیقەتی بوونی ئینسان و تێکڕای هەردوو پەیوەندییەکەی نێوان هەموو بوونەکان و بوونی خوای ڕاستەقینە (سبحانە وتعالی) بۆ ئاوەڵاو ئاشکرا دەبێت. پاشان جیهانبینی خۆمان بۆ ژیان و ئاکارو

ڕەفتارمان و بەرنامەمان بۆ حوکم و سیاسەت و ئابووری و هەموو ڕێگاکانی ژیانمانی لێ مسۆگەر دەبێ.
هەر دەبێ بگەڕێینەوە سەری (کاتێکیش کە دەگەڕێینەوە سەری) بە هەستی دەستوەبەرگرتن و جێبەجێ کردنی رووی تێ بکەینەوە، بگەڕێینەوە لای بۆ ئەوەی بزانین کە داوای چیمان لێ دەکات، وە چی دەوێ کە وا ببین؟ بۆیە لەو ڕێوە دەگەین بە جوانی هوونەری لە قورئاندا، بە چیرۆك و دیمەنەکانی رۆژی دوایی لە قورئاندا، وە بە ژیربێژی ویژدان لە قورئاندا.. بەڵام کە دەیشگەین بە هەموو ئەوانە هێشتا ماوە کە بگەین بە یەکەم ئامانجمان..
**یەکەم ئامانجمان ئەوەیە کە بزانین: قورئان چی لە ئێمە دەوێ؟ ئەم تێکرا جیهانبینییە چییە کە لە ئێمەی دەوێ؟ قورئان چۆن دەیەوێ کە هەست و هۆشمان بە لای خواوە بێت؟ چۆن دەیەوێت کەوا ڕەوشتمان و حاڵ و گوزەرانمان و سیستەممان واقیعی بێت لە ژیاندا؟**
بۆیە هەردەبێ لەم زەختە نەفامییەو لەو جیهانبینییە نەفامییەو لەو دابونەریت و پێشەنگە نەفامییانەی کە لە ناخماندا ڕسکاوە خۆ ببوێرین و خۆی لێی ڕزگار بکەین.
کاری ئێمە ئەوە نییە کە لەسەر واقیعی ئەم کۆمەڵگە نەفامییە ڕێك بکەوین، یاخود سەرکۆنەی ئەوانە بکەین کە وەلائیان بۆ ئەو کۆمەڵگە نەفامییە هەیە، چون بەم سیفەتە.. سیفەتی نەفامی.. جیگەی قەبوول بوون نییە کە لەگەڵیدا ڕێك بکەوین، بەڵکوو کاری ئێمە ئەوەیە کە سەرەتا ناخی خۆمان بگۆڕین، پاشان هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگا بدەین.
کاری یەکەممان بریتییە لە گۆڕینی واقیعی ئەم کۆمەڵگایە، ئەرکمان بریتییە لە گۆڕینی ئەم کۆمەڵگایە لە بنەڕەتەوە. چونکە ئەم واقیعە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ بەرنامەی ئیسلامیی ڕێك ناکەوێ و تێك دەگیرێت، لەگەڵ جیهانبینی ئیسلامی تێك دەئاڵێت، ئەو جیهانبینییەی کە بە زەبرو زۆر لێمان زەوت کراوە تا نەتوانین بە پێی ئەو بەرنامە ئیلاهییە بچینە پێش و ژیان بەرینە سەر کە لیمانی دەوێت. هەڵبەت یەکەم هەنگاویش بۆ گەیشتنمان بەم ڕێگەیە ئەوەیە کە خۆمان لەو کۆمەڵگەنەفامییەو جیهانبینییەکانی بێنیاز بزانین، وە کەم یا زۆر نەکەین کە لەگەڵ ڕەوشت و جیهانبینیماندا ڕێکبکەینەوە پاشان لەگەڵیدا خۆ بگەیەنینە نیوەی ڕێگا، هەرگیز! چونکە ئێمە لەگەڵ ئەواندا لە دووریاندایین، کاتێ کە هەنگاو داوێین ئەگەر یەك هەنگاو لەگەڵیدا بەرێدا برۆین، ئەوە هەموو بەرنامەو ڕێگا ڕاستەقینەکەمان لێ ون دەبێت!
بێگومان بۆ گرتنە بەری ئەم ڕێگایەش ڕووبەڕووی ماندووبوون و ناڕەحەتییەکی زۆر دەبینەوە، قوربانی زۆری بۆ ئەدەین، بەڵام بزانن کە هیچمان سەر پشك نین ئەگەر ویستمان کە ڕێگەی ئەم نەوە تاکەی قورئانییە بگرینە بەر

كە خوا (سبحانه وتعالى) لە ڕێگەوە دانی بە بەرنامە ڕاستەقینەكەی خۆی داهێناوەو بۆ بەشەرییەتی دیار كردووە و بەسەر بەرنامەی نەفامیدا زاڵ كردووە.

بۆیە خێر لەوەدایە كە هەمیشە بە سرووشت و ماهییەتی بەرنامەی خۆمان بزانین، وە بە سرووشتی ئەو ڕێگایەش بزانین كە دەیگرینە بەر، بۆ ئەوەی لە نەفامییەت خۆ ببوێرین و دەربچین، هەروەك نەوەی یەكەم لە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەرچوون و پێیەوە بوون بە نەوەیەكی قورئانی بێ وێنە.

## خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"

خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بنەڕەتێكە لە بنەڕەتەكانی ئیمان لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت، چونكە ئەوان كۆمەڵێكی پوختی هەڵبژاردە بوون، كە خوای گەورە هەڵیبژاردبوون بۆ ئەوە ببنە هاوڕێ و هاودەمی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و بڵاوكردنەوەی ئەم ئایینە لە دوای نەمانی پێغەمبەرەوە، ئەوان هەر ئەم زاتە پاكە بوون كە كتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەریان بۆ پاراستین تا بە ئەمانەتەوە گەیاندیانە بەر دەستی ئێمە، خۆ ئەگەر پاش خوای پەروەردگار ئەو هەڵبژێردراوانە نەبوونایە، ئەوە بێگومان ئەم شەریعەتی خوایە هەر زوو ئاستەنگی زۆری تێ ئەكەوت و وا بە پاكی و بێ دەستكارییەوە نەدەگەیشتە بەر دەستی ئێمە، بەڵكوو وەك ئایینی جوولەكەكان و دیانەكانی بە سەر دەهات و لە دەست دەردەچوو. بۆیە تانەگرتن لە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" تانەگرتنە لە وەحی.. بۆیە لێرەوە كۆمەڵێك دەق و ئایەتی پیرۆز و فەرمایشتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەخەینە ڕوو كە بەڵگەن لەسەر واجبوونی خۆشویستنی ئەوان، تا ئێمەش بە شانازییەوە بڵێین بۆیە ئەوانمان خۆش دەوێن چونكە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێی ڕاگەیاندووین كە خۆشمان بوێن:

كەواتە دەتوانین بڵێین بۆیە واجبە لەسەرمان كە ئەوانمان خۆش بوێن ئەویش لە بەر چەند شێك:

**(١) ئەوانمان خۆش دەوێن چونكە خوا لێیان ڕازی بووە**: وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ

الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ (الفتح: ١٨). واتە: سوێند بە خوا بێگومان خوا ڕازی بوو لەو ئیماندارانەی کە پەیمانیان پێ دایت لەژێر درەختەکەدا (لە حودەیبیە) جا خوا ئاگادار بوو بەوەی لە دڵیاندایە بۆیە دڵنیایی و ئارامی بۆ ناردن وە پاداشتی دانەوە بەسەرکەوتنێکی نزیك کە ئازاد کردنی خەیبەر بوو.

**(٢) خۆشمان دەوێن چونکە خوا وەسفی کردوون بە ئیماندار:** وەك دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴾ (الأنفال: ٦٢). واتە: خوا ئەو زاتەیە کە بەهێزی کردیت بە یارمەتی خۆی وە بە بڕواداران.

**(٣) خۆشمان دەوێن چونکە خوای گەورە تەزکییەی کردوون و وەسفی کردوون بە سەرفێراز و بەڵێنی پێداون بە بەهەشت:** وەك خوا (سبحانە و تعالى) دەفەرموێت: ﴿لَكِنِ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ جَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ وَأُوْلَئِكَ لَهُمُ الْخَيْرَاتُ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ * أَعَدَّ اللّهُ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ٨٨–٨٩). واتە: بەڵام پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە لە گەڵیدا تێکۆشان بە ماڵ و گیانیان هەموو خێرو خۆشی هەر بۆ ئەوانە وە هەر ئەوانەن سەرفرازن، خوا بەهەشتانێکی بۆ ئامادە کردوون کە ڕووبارەکان دێن و دەچن بە ژێریاندا بە هەمیشەیی تیا دەمێننەوە ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە.

**(٤) خۆشمان دەوێن چونکە چاکترین ئوممەتن:** وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ (آل عمران: ١١٠). واتە: ئێوە (موسوڵمانان) باشترین گەلێك بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی.

"ئیبنوعەبباس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئەمان ئەوانە بوون کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کۆچیان کرد بۆ مەدینە.

**(٥) خۆشمان دەوێن چونکە خوا خۆشی دەوێن:** وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ﴾ (المائدة: ٥٤). واتە: خوا لەباتی ئەوان گەل و کۆمەڵێکی تر ئەهێنێ خوا ئەوانی خۆش ئەوێ و ئەوانیش خوایان خۆش ئەوێ.

"حەسەن" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: بەوخوایە مەبەستی پێ ئەبووبەکرو عومەرو یارانییانە.

**(٦) خۆشمان دەوێن چونکە پێغەمبەری خوا خۆشویستنی ئەوانی بە نیشانەکانی ئیمان و ڕق بوونەوە لەوان بە نیشانەکانی نیفاق حسێب کردووە:** پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: «حُبُّ الأَنْصَارِ ايَةُ الإيمَانِ وَبُغْضُهُمْ ايَةُ النِّفَاقِ» (متفق عليه). واتە: خۆشویستنی ئەنسارِ نیشانەی ئیمانەو ڕقبوونەوەش لێیان نیشانەی نیفاقە.

**(٧) خۆشمان دەوێن چونکە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەهی کردووە کە بە خراپ باسیان بکەین و ناویان بێنین:** وەك دەفەرموێت: «إذَا ذُكِرَ اَصْحَابِي فَاَمْسِكُوا، وَإذَا ذُكِرَ النُّجُومُ فَاَمْسِكُوا، وَإذَا ذُكِرَ القَدَرُ فَاَمْسِكُوا» (أخرجه الطبراني في الكبير). واتە: ئەگەر باس لە یارانی من کرا (بە خراپ)، دەستیان بگرن و مەهێڵن، ئەگەر باسیان لە ئەستێرەکرد (ئەستێرە گرەوە) دەستیان بگرن و ڕێگریان لێ بکەن، ئەگەریش باسیا لە قەدەر کرد دەستیان بگرن و بەرهەڵستیان لێ بکەن.

**(٨) خۆشمان دەوێن چونکە باشترینی خەڵك بوون:** وەك پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: «خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ» (رواه مسلم). واتە: باشترین سەدە سەدەی منە، دوایی

ئەوانەی بەدوایاندا دێن، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن..

**(٩) خۆشمان دەوێن چونكە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ڕێگریی لێ كردووین كە جنێویان پێ بدەین:** وەك دەفەرموێت: «لاَ تَسُبُّوا اَصْحَابِي لاَ تَسُبُّوا اَصْحَابِي فَوالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ اَنَّ اَحَدَكُمْ اَنْفَقَ مِثْلَ اُحُدٍ ذَهَبًا مَا اَدْرَكَ مُدَّ اَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ» (رواه مسلم). واتە: جنێو بە یارانی من مەدەن.. جنێو بە یارانی من مەدەن، سوێند بەو كەسەی كە گیانی منی بەدەستە، ئەگەر هەر یەكێك لە ئێوە بە ئەندازەی كێوی ئوحود زێڕ ببەخشێت، ناگات بە مشتی یەكێ لەوان، بە نیوەی مشتێكیش.

**(١٠) خۆشمان دەوێن چونكە خوا نەفرەتی كردووە لەوەی كەجنێویان پێ ئەدات:** وەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «لَعَنَ اللّٰهُ مَنْ سَبَّ أَصْحَابِي» (رواه الطبراني). واتە: نەفرەتی خوا لەو كەسە بێت كە جنێو بە یارانی من دەدات.

**(١١) یارانی پێغەمبەرمان خۆش دەوێن چونكە پێغەمبەری ئەكرەم "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێی ڕاگەیاندووین كەوا سەركەوتن و فەتحەكان لە سەر دەستی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ڕوودەدەن:** وەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ يَغْزُو فِئَامٌ مِنَ النَّاسِ فَيُقَالُ لَهُمْ فِيكُمْ مَنْ رَأَى رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَيَقُولُونَ نَعَمْ . فَيُفْتَحُ لَهُمْ ثُمَّ يَغْزُو فِئَامٌ مِنَ النَّاسِ فَيُقَالُ لَهُمْ فِيكُمْ مَنْ رَأَى مَنْ صَحِبَ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَيَقُولُونَ نَعَمْ . فَيُفْتَحُ لَهُمْ ثُمَّ يَغْزُو فِئَامٌ مِنَ النَّاسِ فَيُقَالُ لَهُمْ هَلْ فِيكُمْ مَنْ رَأَى مَنْ صَحِبَ مَنْ صَحِبَ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَيَقُولُونَ نَعَمْ . فَيُفْتَحُ لَهُمْ» (رواه مسلم/ ٦٦٣٠ عن ابي سعيد الخدري). واتە: زەمانێك دێ بەسەر خەڵكیدا، سوپایەكیان لێ ڕەوانە دەكرێت، دەڵێن: وردبنەوە ئایا كەسێك دەبینن كە لەناوتاندا لەیارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، بێت؟ پیاوێك دەدۆزنەوە، بەهۆی ئەوەوە سەركەوتن بەدەست دێنن، لەپاشدا سوپای دووەم ڕەوانە دەكرێت، دەڵێن: وردببنەوە ئایا كەسێكیان تیایە كە یارانی پێغەمبەری "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دیبێت؟ بەهۆی ئەوەوە

سەرکەتن بەدەست دێنن، لەدوا سوپای سێیەم ڕەوانە دەکرێت، دەگوترێت: وردببنەوە ئایا کەسێکیان لەناودا هەیە کە کەسێکی دیبێت کە یارانی پێغەمبەری "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دیبێت؟ ئەمجا سوپای چوارەم ڕەوانە دەکرێت، دەگوترێت: وردببنەوە ئایا کەسێکیان تیا دەبینن کە کەسێکی دیبێت ئەو کەسە کەسێکی تری دیبێت کە ئەو یارانی پێغەمبەری "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دیبێت؟ پیاوێك پەیدا دەبێ و بەهۆی ئەوەوە سەرکەوتن بەدەس دێنن..!!!!

(١٢) **یارانی پێغەمبەرمان خۆش دەوێن چونکە ئەوان وەزیری پێغەمبەر بوون** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم":
وەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: « إِنَّ اللَّهَ اخْتَارَنِي وَاخْتَارَ لِي أَصْحَابًا ، فَجَعَلَ لِي مِنْهُمْ وُزَرَاءَ وَأَنْصَارًا وَأَصْهَارًا ، فَمَنْ سَبَّهُمْ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ، لا يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا وَلا عَدْلا» (رواه الحاكم صحيحة). واتە: خوا منی هەڵبژاردووە، وە هاوەڵیشی بۆ هەڵبژاردووم، بۆ من لەوان وەزیرو پشتیوان و خزمایەتی بۆ بڕیار دام، ئەوەی جنێویان پێ بدات، نەفرەتی خواو فریشتەکان و تەواوی خەڵکی لەسەرە، (بەجۆرێ) خوا لە ڕۆژی دوایی نە سزایان لەسەر لادەبات و نە دە فریاشیان دەکەوێت!!!

(١٣) **یارانی پێغەمبەرمان خۆش دەوێن؛ چونکە خۆشویستنیان؛ واتە خۆشویستنی پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، **هەروەك ڕق بوونەوەشمان لێیان واتە، ڕق بوونەوە لە پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم":
وەك دەفەرموێت: «اللَّهَ اللَّهَ فِي اَصْحَابِي لاَ تَتَّخِذُوهُمْ غَرَضًا بَعْدِي فَمَنْ اَحَبَّهُمْ فَبِحُبِّي اَحَبَّهُمْ وَمَنْ اَبْغَضَهُمْ فَبِبُغْضِي اَبْغَضَهُمْ وَمَنْ اذَاهُمْ فَقَدْ اذَانِي وَمَنْ اذَانِي فَقَدْ اذَى اللَّهَ وَمَنْ اذَى اللَّهَ فَيُوشِكُ اَنْ يَاْخُذَهُ» (رواه أحمد والترمذي عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ –رضي الله عنهم أجمعين–). واتە: لە خوا پابەند بن بە یارانم؛ نەکەن لە دوای من بیانکەن بە غەرەزی ڕق و کینەتان، ئەوەی خۆشیانی بوێ، ئەوە لە خۆشویستنی من ئەوانی خۆش ویستووە، ئەوەی ڕقیشیان لێ بگرێت، ئەوە لە ڕقی من ڕقی لەوان گرتووە، ئەوەی ئازاریان پێ بگەیەنێت، ئەوە منی بە ئازارگەیاندووە، ئەوەی ئازاری منیش بدات ئەوە خوای بە ئازارگەیاندووە، ئەوەی خوداش ئازار بدات، ئەوە زۆری نامێنێ تا خوا بە هیلاکی ببات!

(١٤) **هاوەڵانمان خۆش دەوێن، چونکە پێغەمبەری** خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **پاراستن و چاودێری یارانی خۆی؛ بە پاراستنی خۆی حسێب کردووە**: بۆیە دەفەرموێت: «احْفَظُونِي فِي أَصْحَابِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ» (رواه ابن ماجه) . واتە: بە چاودێری و پاراستنی یارانم من بپارێزن، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن (کە تابیعین و تابیعی تابیعینن، کە دەبێ وەك پاراستنی ئابڕووی هاوەڵانی ئەوانیش بپارێزرێن).

(١٥) **خۆشمان دەوێن چونکە ئەوان ئەهلی زانست و فەزڵ و ڕەوشت و ڕاستگۆیی بوون**: وەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: « أَرْأَفُ أُمَّتِي بِأُمَّتِي أَبُو بَكْرٌ وَأَشَدُّهُمْ فِي دِينِ اللهِ عُمَرٌ وَأَصْدَقُهُمْ حَيَاءً عُثْمَانٌ وَأَقْضَاهُم عَلِي وَأَفْرَضَهُمْ زَيْدُ بْنُ ثابِتْ وَأَقْرَؤُهُمْ أُبَي وَأَعْلَمُهُمْ بِالْحَلاَلِ وَالحَرَامِ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٌ أَلاَ وَإِنَّ لِكُلِّ أُمَّةٍ أَمِيناً وَأَمِينُ هَذِهِ الأُمَّة أَبُو عُبَيْدَةَ بْنُ الجَرَاحُ». (الحاكم في المستدرك). واتە: بە بەزەیی ترین کەس لە ئوممەتی من؛ ئەبووبەکرە، وە توندترینیان لە سەر دینی خوا؛ عومەرە، وە بەشەرمترینیان؛ عوسمانە، دادوەرترینیان؛ عەلییە، وە گەرمترینیان لە سەر فەرائیز؛ زەیدی کوڕی سابیتە، وە باشخوێنترینیان؛ ئوبەیە، وە زاناترینیشیان لە حەڵاڵ و حەرام؛ موعازی کوڕی جەبەلە.. بزانن کە هەموو ئوممەتێ دەستپاکێکی هەیە، دەست پاکی ئوممەتی منیش؛ ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەڕاحە.

(١٦) **خۆشمان دەوێن؛ چونکە خوا ئەوانی لە شیرك و هاوەڵپەرستی پاراستووە**: وەك بینیمان کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سەبارەت بە چیرۆکی "حاتەبی کوڕی بەڵتەعە" (خوا لێی ڕازی بێت) کاتێ کە عومەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" با لە گەردەنی بدەم، ئەویش فەرمووی: «إِنَّهُ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ فَقَالَ اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ» (متفق عليه). واتە: ئەو بەشداری شەڕی بەدری کردووە، تۆ چوزانیت، ڕەنگە خوا چاو بەهلی بەدردا بخشێنێ و پێیان بڵێت: چی دەکەن

بیکەن! ئەوە من لێتان خۆش بووم..! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خوا ئەوانی لە شیرك پاراستووەو لێیان خۆش بووە!!

**(١٧) خۆشمان دەوێن؛ چونکە خاوەن فەزڵ و پلەوپایە بوون:** بۆیە سەبارەت بەوانەی کە بەشداربوون لە سوڵحی حودەیبییەو شەڕی بەدر فەرمووی: « لاَ يَدْخُلُ النَّارَ أَحَدٌ شَهِدَ بَدْراً وَالْحُدَيْبِيَةَ » (رواه أحمد وابن ماجه، وصححه الألباني). واتە: کەسێ بەشداری شەڕی بەدرو ئاشتەوایی حودەیبییەی کردبێت ناچێتە دۆزەخ.

**(١٨) خۆشمان دەوێن؛ چونکە ئامادەی خۆ بەختکردن بوون لە پێناو سەندنەوەی خوێنی ئیمام عوسمان "خوا لێی ڕازی بێت": بۆیە لە ژێر دارەکە بەیعەتییان بە مردن لەگەڵ پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللہُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **بەست:** بۆیە بۆ ئەوانەی کە بەشداری بەیعەتی ژێر داری ڕیزوانیان کرد، پێغەمبەری خوا "صَلّى اللہُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: «لاَ يَدْخُلُ النَّارَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنْ أَصْحَابِ الشَّجَرَةِ أَحَدٌ الَّذِينَ بَايَعُوا تَحْتَهَ» (روى مسلم من حديث جابر بن عبد الله -رضي الله عنه-). واتە: گەر خوا بیەوێت هیچ کەس لەوانەی کە بەیعەتیان لە ژێر دارەکەدا بەست ناچێتە دۆزەخەوە.

**(١٩) خۆشمان دەوێن؛ چونکە ئەوان پێغەمبەرو خۆشەویستانی پێغەمبەریان خۆش دەویست:** وەك لەم فەرموودەدا ئەم ڕاستیە دەردەکەوێت، کە دەفەرموێت: «أن رجلاً سأل رسول الله -صلى الله عليه وسلم-: متى الساعة؟ قال: (وَمَاذَا أَعْدَدْتَ لَهَا؟) قال: لا شيء إلا أني أحب الله ورسوله. قال: (أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ) قال أنس: فما فرحنا بشيء فرحنا بقول النبي -صلى الله عليه وسلم-: (أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ). قال أنس: "فأنا أحب النبي -صلى الله عليه وسلم- وأبا بكر وعمر -رضي اللّٰه عنهما-، وأرجو أن أكون معهم بحبي إياهم، وإن لم أعمل بمثل أعمالهم» (رواه البخاري عن انس بن مالك -رضي الله عنه-) واتە: ئیمام بوخاری لە "ئەنەسی کوڕی مالیك" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کەوا پیاوێك پرسیار لە پێغەمبەر "صَلّى اللہُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەکات کە کەی قیامەت

هەڵدەسێت؟ ئەویش پێی دەفەرموێت: چیت بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە کردووە؟ ئەویش دەڵێت: هیچ شتێ نییە تەنها ئەوە نەبێ کە خواو پێغەمبەرەکەیم خۆش دەوێت، پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: دەی تۆ لەگەڵ ئەو کەسەیت کە خۆشت دەوێت، ئەنەس گوتی: بەهچ شتێك بە ئەندازەی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر دڵخۆش نەبووین کاتێ کە فەرمووی: تۆ لەگەڵ ئەو کەسەیەت کە خۆشت دەوێت، وە گوتی: منیش پێغەمبەرو ئەبووبەکرو عومەرم خۆش دەوێن، لە خوا دەخوازم بە خۆشویستنی ئەوان لەگەڵ ئەواندا بم، ئەگەرچیش وەك کردەوەی ئەوان کردەوەم نەبێت.

سەبارەت بەو فەزڵ و پلەو پایانەی کە باسمان کردن، "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: بوونی ئەو پێشینەو پلەو پایانەیە کە وای کردووە خوا لێیان خۆش ببێت، بەجۆرێ خوا لێیان خۆش بووە کە بەر لەوە لە هیچ کەسی تر بەو چەشنە خۆش نەبووە. بۆیە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە باشترین ئوممەت ناوی بردوون، وە ئاماژەی داوە کە یەك چنگە خێری هەر یەکێك لەوان باشترە لە بەخشینی یەك شاخ لە زێڕ. وە ئەوان هەڵبژاردەی ئەو ئوممەتە بوونەو لە هەموو ئوممەتانی تریش باشتر و چاکترت بوو ون.
هەروەها ئیمامی زەهەبی "ڕەحمەتی خوا لێ بێت" لە کتێبی (الکبائر)دا دەفەرموێت: فەزڵی هاوەڵان لە رووی وردبوونەوە لە حاڵیان و سیرەو ژیانیان و شوێنەواریان لە ژیانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و لە دوای وەفاتی لە پێشبڕکێیان لە ئیمان و موجاهەدەی کافران و بڵاو کردنەوەی ئایینیان و بەرزکردنەوەی درووشمەکانی ئیسلام و شارەزابوون لە فەرزەکانی پێغەمبەر و سوننەتەکانی دەردەکەوێت.
وە ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەوە ئەم دینە بەم شێوە نەدەگەیشت بە ئێمە و لە سوننەتی پێغەمبەر و فەرزەکان بەهرەمەند نەدەبووین.
بۆیە ئەوەی کە جنێویان پێ ئەدات، لە دین دەردەچێت، وەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێت..! چونکە تانەگرتن لە هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" تانەگرتنە لە بیروباوەڕ و نکووڵی کردنە لەوەی کە خوا لە کتێبی خۆی بە باش باسی کردوون، بۆیە وەك دەڵێن: تانەگرتن لە واسیتەکان تانەگرتنە لە شتە مەنقوولەکان. دیارە کە هاوەڵانی پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە هۆکاری گەیاندنی ئەم دینە بوون تا گەیشتووە بە ئێمە، بۆیە ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگرێ و سووکایەتییان پێ بکات، ئەوە سووکایەتی

کردووە بەو پەیامەی کە خوا بۆی ناردوون و ئەوان بە ئێمەیان گەیاندووە.

هەروەها "شێخ ئیبنوعوسێمین" (رحمه الله) دەفەرموێت: لە هەقیقەتدا جنێودان بە هاوەڵان، تەنها بریندارکردنیان نییە؛ بەڵکوو لەکەدارکردنیشیانە، وەك لەکەدارکردنی شەریعەتی خواو زاتی پاکی خوایشە.. لەکەدارکردنی هاوەڵان ئەوە دیارە، بەڵام بەم لەکەدارکردنەیان پێغەمبەری خوایشیان لەکەدار کردووە، چونکە هەر ئەو هاوەڵانە بوون کە یاران و دەستپاکان و خەلیفەی ئەو زاتە پاکە بوون. بۆیە سوکایەتی کردن و بە درۆخستنەوەیان؛ بە درۆخستنەوەی هەموو ئەو فەزڵانەیشە کە پێغەمبەر خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێی گەیاندوون.

دیسان دەڵێن: وێڕای ئەمانە لەکەدارکردنیان؛ بریتییە لە لەکەدارکردنی شەریعەتی خوا، چونکە پەیوەندی نێوان ئێمەو پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە گواستنەوەی شەریعەت و بەرنامەی خوا، هەر ئەم هاوەڵە پاکانەی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوون.

دیسان دەڵێین: لەکەدارکردنی ئەوان؛ لەکەدارکردنی خودایشە، چونکە خوای گەورە پێغەمبەری خوای بۆ خراپترین گرۆی سەرزەوی هەنارد، وە بۆ ئەو پێغەمبەرە نازدارەش باشترین و چاکترین هاوەڵی بۆ هەڵبژارد تا لە دوای ئەو بتوانن پەیامەکەی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە باشی بگەیەنن... کەواتە قسە کردن لەسەر هاوەڵان، یان لەکەدارکردنی هاوەڵان لەکەدارکردنی خودایە. جا ئێستا بزانە کە جنێودان بە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" چەندە تاوانێکی گەورەیە.

**خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژاو سەنگین:**

ئیمامی تەحاوی (رحمه الله) لە کتێبی ئاقیدەی تەحاویدا بەشێکی داناوە بە ناوی (هاوەڵانی پێغەمبەرمان خۆش دەوێن). لەوێ تێمان دەگەیەنێت کەوا خۆشویستنی هاوەڵان لە باوەڕەوەیەو بوغزاندنیشیان لە کوفر و دەغەڵییەوەیە!

بەم شێوەیە ئیمامی تەحاوی پێی وایە کە خۆشویستنیان بریتییە لە دین و لە ئیمان و لە ئیحسان، وە

بوغزاندنیشیان بریتییە لە کوفرو لە نیفاق و لە توغیان..

بێگومان ئەگەر سەرنج لە قورئانی پیرۆزیش بدەین، ئەوە دەبینین کە خوای بەرزو بەتوانا خۆشەویستییەکی زۆری بۆ یارانی پێغەمبەر نیشانداوە، بەڵکوو ڕەزامەنی خۆی بۆیان بە ڕەوا زانیوە، بۆ ئەمەش بەڵگەگەلێکی زۆری تۆمارکردووە لە قورئانی پیرۆزدا، لەوانە (سبحانە وتعالى) دەفەرموێت:

(١) ﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ﴾ (الفتح: ١٨) (پێشتر ڕاڤەمان کردووە).

(٢) ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ١٠٠). واتە: وە پێشکەوتووە یەکەمەکان لە کۆچەران و یاریدەدەران ئەوانەش زۆر بەچاکی پەیڕەوی ئەوانیان کردووە و شوێنیان کەوتوون خوا لێیان ڕازییە ئەوانیش لەخوا ڕازین وە (خوا) بەهەشتانێکی بۆ ئامادە کردوون ڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا تێیدا دەمێننەوە بێ ڕانەوە، ئەوەیە گەیشتن بە ئامانجی گەورە.

(٣) ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾. (الأنفال: ٧٢). واتە: بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێنا و کۆچیان کرد و تێکۆشان بە ماڵیان و بە گیانیان لە ڕێگای خوادا وە ئەوانەی (کۆچەرەکانیان) گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن ئەوانە پشتیوان و دۆستی یەکترین.

(٤) ﴿لَا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِنَ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا﴾ (الحديد: ١٠). واتە: یەکسان نین ئەوانەتان کە لەپێش گرتنی (مەککە) دا ماڵیان بەخشیوو جەنگاون (لەگەڵ ئەوانەی لە دوای فەتح ئەو کارانە بکەن) ئەوانە پلە و پایەیان زۆر گەورەترە لەوانەی کە لەدوای (گرتنی مەککە) ماڵیان بەخشیووەو جەنگاون.

**وە لە سوننەتی پێغەمبەریش** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **هاتووە کە دەفەرموێت:**

(١) «لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابِي، فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ» (رواه البخاري). (پێشتر شی

کراوەتەوە).

(٢) « لاَ يَدْخُلُ النَّارَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنْ أَصْحَابِ الشَّجَرَةِ أَحَدٌ الَّذِينَ بَايَعُوا تَحْتَهَ » (روى مسلم من حديث جابر بن عبد الله -رضي الله عنه-).. (پێشتر شی کراوەتەوە)

(٣) « اللَّهَ اللَّهَ فِي اَصْحَابِي لاَ تَتَّخِذُوهُمْ غَرَضًا بَعْدِي فَمَنْ اَحَبَّهُمْ فَبِحُبِّي اَحَبَّهُمْ وَمَنْ اَبْغَضَهُمْ فَبِبُغْضِي اَبْغَضَهُمْ وَمَنْ اذَاهُمْ فَقَدْ اذَانِي وَمَنْ اذَانِي فَقَدْ اذَى اللَّهَ وَمَنْ اذَى اللَّهَ فَيُوشِكُ اَنْ يَاْخُذَهُ » (رواه أحمد والترمذي عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ – رضي الله عنهم أجمعين-). (پێشتر شیمان کرۆتەوە)

**هەروەها لە دەمی یارانی پێغەمبەریشەوە هاتووە، لەوانە:**

(١) بە عائیشەیان (خوا لێی ڕازی بێت) گوت: خەڵکێك پەیا بوونە کە جنێو بە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰه عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەدەن، هەتا جنێو بە ئەبووبەکرو عومەریش دەدەن!! ئەویش فەرمووی: بەچی سەرسامن، ئاخر ئەوان (هاوەڵان) ئەگەرچی کردەوەیان لە دونیا کۆتایی هاتووە، کەچی خوا پێی خۆشە کە ئەجرو پاداشتیان لە دونیادا هەر بەردەوام بێت!! (واتە: چەندە قسەیان پێ بگوترێت، هەندە لە ئەجرو پاداشتی ئەو هاوەڵانە زیاد دەبێت).

(٢) هەروەها لە ئیبنوعومەر "خوا لێیان ڕازی بێت" سابت بووە کە فەرموویەتی: «لاَ تَسُبُّوا اَصْحَابَ مُحَمَّدٍ . صلى الله عليه وسلم . فَلَمَقَامُ اَحَدِهِمْ سَاعَةً خَيْرٌ مِنْ عَمَلِ اَحَدِكُمْ عُمْرَهُ» (رواه ابن ماجة). واتە: جنێو بە یارانی موحەممەد "صَلّى اللّٰه عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" مەدەن، چون پلەو مەقامی کاتژمێری یەکێك لەوان؛ باشترە لە کردەوەی هەر یەك لە ئێوە لە هەموو تەمەنی دا.

(٣) یاخود ئبنومەسعوود "خوا لێیان ڕازی بێت" فەرموویەتی: «إِنَّ اللّٰه سُبْحَانَهُ اخْتَارَ نَبِيَّهُ وَاصْطَفَاهُ وَابْتَعَثَهُ بِالرِّسَالَةِ فَنَظَرَ فِي قُلُوبِ النَّاسِ فَرَأَى قَلْبُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"- وَاخْتَصَّهُ فَرَآهُ أَصْفَى الْقُلُوبِ وَأَبَرَّهَا فَاخْتَارَهُ اللّٰه وَاْصَطَفَاهُ لِنُبُوَّتِهِ، ثُمَّ نَظَرَ فِي الْقُلُوبِ بَعْدَ قَلْبِ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"- فَرَأَى قُلُوبِ أَصْحَابِهِ أَبَرَّهَا فَاخْتَارَهُمْ

لِصُحْبَةِ نَبِيِّهِ». واتە: خوای پاكوبێگەرد، پەیامبەری خۆی هەڵبژارد، وە پاڵفتەی كردو بە پەیامەوە ناردی، سەرنجی دڵی خەڵكەكانی داو دڵی موحەممەدی بینی "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، و پشكنی و سەیر كرد كە پاكترو باشترە لە هەموو دڵێك، ئەوكاتە خوا دەستنیشانی كردو بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵبژارد، پاشان لەدوای پشكنینی دڵی موحەممەد "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سەیری دڵی یارانی كرد، بینی كە باشترین دڵیان هەیە، بۆیە ئەوانی وەك هاوەڵ بۆ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەستنیشان كرد.

## چەند وێنەیەك لە خۆشویستنی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"

گەورەمان "ئەبووبەكری سەددیق" (خوا لێی ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە؛ لەكاتی كۆچكردنمان بۆ مەدینە لە ڕێگا من زۆرم تێنوو بوو، چووم قاپێ شیرم پەیا كردو دام بە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێم گوت: بیخۆوە ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، ئەڵێ ئەویش وەریگرت و خواردیەوە تا تەواو تێر بوو.. ئەمە ئیساری گەورەمان ئەبوو "بەكری سەددیق بوو" (خوا لێی ڕازی بێت) كە خۆی هەندەی تێنوو بوو، باڵام ئامادەی دە ئەوەندە تێنوێتییە بوو، بەس بۆ ئەوە تۆزقاڵێك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەبینێ كە تێنووی بێ و ئاهی تێنوێتی بكێشێت..

یان دەبینین: كە لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا "ئەبووقەحافە"ی باوكی ئەبووبەكری سەددیق (خوا لێیان ڕازی بێت) زۆر تاخیر دەبێتە مسوڵمان و لە پیرییان چاوەكانی كوێر ببوون! ئەبووبەكر دەستی دەگرێت و بۆ لای پێغەمبەری دەبات تا لە لای ئەو مسوڵمان بوونی خۆی ڕابگەینێت، كە دەیگەیەنێتە لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت، بۆ لەماڵدا جێت نەهێشت تا ئێمە چووباینە لای؟ ئەبووبەكریش "خوا لێی ڕازی بێت" دەفەرموێت: تۆ شیاوتریت كە بێین بۆ لات، جا لەوێ "ئەبووقەحافە" دەست دەخاتە ناو دەستی پێغەمبەر

"صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و مسوڵمان بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، ئەبووبەکر "خوا لێی ڕازی بێت" دەست دەکات بە گریان، پێی دەڵێن: تۆ دەبێت ئێستا لە خۆشیان دەبوو پێ بکەنیبایت! ئەویش دەفەرموێت: بەو خوایە حەزم دەکرد ئەو دەستانە دەستی ئەبووتاڵیبی مامی پێغەمبەر بوایە، تا پێغەمبەری خوا ئێستا لە جێی من دڵ خۆش بوایە!!!

پاکی بۆ خوا؛ ئەبووبەکر ئەو کاتە دڵخۆشە کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دڵخۆشە.. ئەمەیە خۆشەویستیی ڕاستەقینە؟!!

یاخود: سەوبان "خوا لێی ڕازی بێت" کە خزمەتکاری پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو، تەواوی ڕۆژێك پێغەمبەری خوای لێ دوور بوو، کاتێ کە بینییەوە فەرمووی: تەنیات کردین ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەستی کرد بە گریان!

پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێی فەرموو: هەرئەوە تۆی گریاند؟ سەوبانیش گوتی: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا بەڵکوو بیرم لە مەکانی تۆ لە بەهەشت و مەکانی خۆم کردەوە، بۆیە هەستم بە تەنیایی کرد، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا﴾ ( النساء: ٦٩). واتە: وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بکات جا ئەوانە لەگەڵ کەسانێکن کە خوا بەهرەی ڕشتووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، ئەوانە چ هاوڕێ و هاوەڵێکی چاکن.

یان "سەوادی کوڕی عەزییە" (خوا لێی ڕازی بێت) لە شەڕی ئوحود لە ناوەڕاستی سوپای مسوڵمانان وەستابوو، پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە سوپاکەی ڕاگەیاند کە ڕاست بوەستن!، بینی کە سەواد ڕاوەستاوەو ڕێك ناکەوێت! پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێی دەفەرموێت: ڕاست ڕاوەستە ئەی سەواد! سەوادیش گوتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"!! بەڵام هەر ڕێك نەوەستا! ئەوجارە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دێتە لای و سیواکەکەی لە سکی گیر دەکات و پێ دەڵێت: ڕاست بوەستە،

سەوادیش پێی دەڵێت: ئاخ! ئەی پێغەمبەری خوا هێشاندمت لە کاتێ کە خوا تۆی بەهەق گێڕاوە؟!! پێغەمبەریش "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سکی پیرۆزی خۆی ڕووت دەکات و پێی دەفەرموێت: تۆڵەی خۆت بکەوە ؟!! ئەڵێ سەوادیش لێی دەچێتە پێش و پڕ دەداتە سکی پیرۆزی و ماچی دەکات! دەڵێت: من هەر ئەوەم مەبەست بوو ئەی پێغەمبەری خوا، کە پێش ئەوە شەهید ببم پێستم بە پێستی پیرۆزت بکەوێت. (رواه ابن كثير في البداية والنهاية)..

ئەمەش ئەوپەڕی خۆشەویستنی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و هەڵوێستی جوامێری پێغەمبەر لەگەڵ ئەوان نیشان دەدات!

ئەمەبوو هەڵوێستی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سەبارەت بە ئیسارىان لە گەڵ پێغەمبەرو خۆشەویستییان بۆی، هەڵبەت چەندی بە دوا دابچین و لێی وەخوێنین؛ هەندە دورِوگەوهەری ئەو زاتە پاکانەی دەوری پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەردەکەوێت، بۆیە کورد گوتەنی مشتێك نموونەی خەروارێکە، ئێمەش لێرە تەنها دڵۆپێکی ئەم دەریا پان و بەرینەمان لە دەریای خۆشەویستنی ئەوان بۆ پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەڵێنجاوە، بۆیە ئێستاش دەچینە سەر باسێکی تر، ئەویش ئاماژەدانە بە بەڵگەی واجب بونی شوێنکەوتنی هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە پێی قورئان و سوننەت.

## شوێنکەوتنی هاوەڵان واجیبە

شێخی پایەرز "ئینوقەییمی ئەلجەوزیە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبە نایابەکەی بەناونیشانی (أعلام الموقعين) زیاتر لە ٤٣ بەڵگە لەسەر واجببوونی شوێنکەوتنی هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەهێنێتەوە! ئێمەش لێرە بۆ سوود وەرگرتن و بەرچاوڕوونی مسوڵمانان بە هەمان بەڵگە واجیبوونی شوێنکەوتوانی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سی و نۆ بەڵگە لەمەڕ واجب بوونی شوێنکەوتوانی یارانی پێغەمبەرمان "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەهێنینەوە.

**یەکەم**: ئەو پشتبەستنەی کە مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کردوویەتی بە بەڵگەی واجبوونی شوێنکەوتوانی

هاوەڵان؛ ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾. (التوبة: ١٠٠) واتە: وە پێشکەوتووە یەکەمەکان لە کۆچەران و یاریدەدەران ئەوانەش زۆر بەچاکی پەیڕەوی ئەوانیان کردووە و شوێنیان کەوتوون خوا لێیان ڕازییە ئەوانیش لەخوا ڕازین، وە (خوا) بەهەشتانێکی بۆ ئامادە کردوون ڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا تێیدا دەمێننەوە بێ بڕانەوە، ئەوەیە گەیشتن بە ئامانجی گەورە.

بەڵگە لێرە ئەوەیە کە خوای پەروەردگار مەدحی ئەوانە دەکات کە شوێن یارانی پێغەمبەر ""صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کەوتوون و پاشان ڕەزامەندی خۆی بۆیان ڕادەگەیەنێت کە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ﴾.. دیارە لێرەش ئەوانەی کە شوێن یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کەوتوون، تەنها شوێنکەوتوێکی چاو لێکەری نەبووە، دەنا ئەگەر وابوایە، ئەوە خوای گەورە نەیدەفەرموو کە من لێیان ڕازیم.

**دووەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿اتَّبِعُوا مَنْ لا يَسْأَلُكُمْ أَجْراً وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (يس: ٢١). واتە: پەیڕەوی ئەوانە بکەن کە تەنانەت کەمێ کرێیشیان لێناوێن بۆ ڕاگەیاندنی بەرنامەکەی خوا خۆیشیان شارەزاو ڕێنموونی کراون، ئەمەش باسکردنە لەو چیرۆکەی کە خوای گەورە (سبحانە وتعالى) لە چیرۆکی ئەو پیاوە بڕوادارەی کە لە سوورەتی یاسیندا باسی دەکات، خوای گەورە بەم شێوە مەدحی ئەو پیاوە دەکات، بۆیە بەم پێوەدانگەوە یارانی پێغەمبەریش لە شوێنکەوتنی ئێمە بۆ ئەوان داوای هیچ پاداشتێکی لێ نەکردووین، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّى إِذَا خَرَجُوا مِنْ عِنْدِكَ قَالُوا لِلَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مَاذَا قَالَ آنِفاً أُولَئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدىً وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ﴾ (الأنعام : ٢٥). واتە: وە لەو (کافرانە) کەسانێ هەیە کە گوێت بۆ دەگرن کە قورئان دەخوێنی، بەڵام ئێمە چەند پەردەیەکمان داوە بەسەر دڵەکانیاندا بۆ ئەوەی تێی نەگەن وە کەڕی و گوێ گرانیمان خستۆتە ناو گوێچکەیانەوە، وە ئەگەر هەموو بەڵگە و نیشانەیەکی ڕوون ببینن بڕوای پێ ناهێنن تا ئەو ڕادەیە کاتێ بێن بۆ لات دەمە دەمێ و بەربەرەکانێت لەگەڵ دەکەن، ئەوانەی بێ باوەڕن ئەڵێن ئەم قورئانە هیچ نییە بێجگە لە ئەفسانەی پێشینان.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿والَّذينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ سَيَهْدِيهِمْ﴾ (محمد : ٤). واتە: ئەوکەسانەش کە لە پێناو ڕێبازی خوادا کوژران ئەوە خوا هەرگیز (پاداشتی) کردەوەکانیان ون ناکات. یان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا﴾ (العنكبوت : ٦٩). واتە: وەکەسانێ کە لە پێناو ڕەزامەندی ئێمەدا تێکۆشانیان کردووە بەڕاستی ڕێنموونیان دەکەین بۆ ڕێبازەکانی خۆمان..

کەوابوو هەرکەسێك لەوان کە لە پێناو خوا تێکۆشابێت جا چ بە زمان چ بەدەست ئەم جیهادەیان کردبێت، خوای گەورە بەم کارەیان هیدایەتی داون، هەرکەسێکیش خوا هیدایەتی بدات واجبە لەسەر خەڵك کە شوێنێیان بکەون.

**سێیەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ﴾ (لقمان : ١٥). واتە: شوێن ڕێگای کەسێك بکەوە کە بە دڵسۆزی گەڕاوەتەوە بۆ لای من. دیارە کە تێکرای یارانی پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"تۆبەکار بوونەو بەردەوام بۆ گەیشتن بۆ لای خوا هەوڵیان داوە، بۆیە شوێنکەوتنی گوفتارو ڕەفتاریان و بیروباوەڕیان گەورەترین ڕێگەو بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەوان تۆبەکاری خودان بۆیە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی واجب و پێویستە کە شوێنیان بکەون.

**چوارەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ (یوسف : ١٠٨). واتە: بڵێ ئەمە ڕێگای منە بانگی (خەڵکی) دەکەم بۆ لای خوا لەسەر بەڵگەی ڕوون، من و ئەوانەش شوێنم کەوتوون. خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین کەوا ئەوان شوێن پێغەمبەر کەوتوون و بانگەوازیش بۆ خوا دەکەن، هەرکەسێکیش بانگەواز بۆ خوا بە بەڵگەو نیشانەی ڕوونەوە بکات، ئەوە شوێنکەوتنی ئەو کەسە واجیبە، دیسان ئەویش بە پێی بەڵگەی ئەم ئایەتە کە دەفەرموێت: ﴿يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُوا بِهِ﴾ (الأحقاف : ٣١). واتە: ئەی قەومەکەمان وەڵامی بانگخوازی خوا بدەنەوە و باوەڕی پێ بێنن، (خوا) لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ و

دەیسرِێتەوە، وە لە سزای سەخت دەتان پارێزێ. چونکە کەسێك بانگەواز بۆ خوا بکات بە پێی بەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە؛ ئەوە بانگەوازی بۆ هەق کردووە و شارەزایشە پێی. هەروەها بانگەوازکردن بۆ ئەحکامەکانی خوا، بانگەوازکردنە بۆ خودی خودا، هەروەك بانگەوازکردنیشە بۆ گوێڕایەلی کردنی لە ئەمرو نەهییەکانییەوە، دیارە کە یارانی پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"شوێن پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"کەوتوون، بۆیە واجیبە کە شوێنیان بکەوین و پەیوەندییان پێوە بکەین.

**پێنجەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى﴾ (النمل : ٥٩). واتە: (ئەی موحەممەد "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم") بڵێ هەموو سوپاس و ستایش بۆ خوا، وە سەلام و درووود لەسەر ئەو بەندانەی خوا هەڵی بژاردوون.

"ئیبنوعەبباس" (خوا لێی ڕازی بێت) لە گێڕدراوەیەکی "ئەبوومالیك"دا دەفەرموێت: مەبەستی پێ یارانی پێغەمبەرە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم". بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا﴾ (فاطر : ٣٢). واتە: لەپاشان ئەم قورئانەمان بەخشی بەکەسانێ کە لەناو بەندەکانماندا هەڵمان بژاردن. هەقیقەتی پاڵفتەکردنیشیان بریتییە لە بژاردنی هەڵەو خەتاو تاوانەکان لێیان، بەم پێیە ئەوان خوا پاکی کردوونەتەوە، بۆیە شوێنکەوتنیان لەسەر مسوڵمانان واجیبە.

**شەشەم**: خوای گەورە شایەتی بۆ داون کە ئەوان ئەهلی زانستن، بەپێی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ (المجادلة : ١١). دیارە کە ئەو زانستەش کە پێیان دراوە لە لایەن خواوەیە، بۆیە ئەوانەی کە خوا عیلمی پیداون؛ شوێنکەوتنیان واجیبە.

**حەفتەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ

بِاللَّهِ﴾ (آل عمران : ١١٠). واتە: ئێوە (موسوڵمانان) باشترین گەلێك بوون بۆ خەڵكی هێنرابێتنە دی، كە فەرمان بە چاكەو جلەوگیری خراپە دەكەن! ئەبینین كە خوای گەورە شایەتی بۆ داون كە ئەوان فەرمان بە چاكەو ڕێگری لە خراپە دەكەن، كەسێك كە فەرمان بە چاكەو ڕێگری لە خراپە بكات گوێڕایەل كردن و شوێنكەوتنی واجیبە.

**هەشتەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ (التوبة : ١١٩). واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە خۆتان بپارێزن لە (تۆڵەی) خوا وە لەگەڵ ڕاست گۆیاندا بن و لەڕیزی ئەواندا بن. یەكێ لە سەلەف دەڵێت: مەبەستی پێ هاوەڵانی پێغەمبەرە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، گومانیش لەوەدا نییە كە ئەوان پێشەواو پێشەنگی ڕاستگۆیان بوون، بۆیە هەموو ڕاستگۆیەك لە دوای ئەوان بە هەقیقەت شوێن ڕاستگۆیی ئەو نەوە تاكەی قورئانی كە هاوەڵانی پێغەمبەربوون كەوتووە.

**نۆیەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى الناس﴾ (البقرة : ١٤٣). واتە: هەروەها كردمانن بەگەلێكی میانەڕەو (ی هەڵبژاردە)، تاببنە چاودێر بەسەر خەڵكییەوە، شایەتی بوونی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"بۆ سەر ئەو پۆڵە هاوەڵە بەڵگەی واجبوونی شوێنكەوتنیانە، خوای گەورە بە ئوممەتێكی هەڵبژێردەی لە قەڵەم داون، هەر ئەمەشە هەقیقەتی میانەڕەوی ئەوان تا بتوانن لە هەموو شتێكدا نە تەفریتیان هەبێت و نە ئیفرات، لە ویستیانا لە نیازیانە بوو ون بەو پۆڵەی كە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"لە دونیاش و لە قیامەتیش شایەتی بۆداون،. بۆیە ئەبینین كە ئەو پێغەمبەرە نازدارە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەمیشە باسی كردوون و مەدحی كردوون، بۆیە خوای گەورە شایەتی پێغەمبەری بۆ سەر ئەوان قەبوول بووە، بۆیە خوای گەورە داوای لە فریشتەكانی كردووە كە درووديان بۆ بنێرن ودوعایان بۆ بكەن و داوای ئیستیغفار و لێخۆشبوونیان بۆ بكەن. ئەو شایەتییەی كە لەم فریشتە بێگوناهانەی خوا بۆ یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەدرێت لە ئەنجامی شارزا بوون بووە بە حاڵی ڕاستگۆیی ئەو پۆڵە

سەحابەیە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ (الزخرف : ٨٦). واتە: مەگەر کەسانێ شایەتییان بەهەق دابێ وە هەقیان زانیوەو ئاگاداری بوون. پۆلی سەحابەش ئەبەد هەقێکیان لە گەیاندی ڕاستییەکاندا نەشاردۆتەوە.. خیانەت و ناڕاستییان لەدەرهەق ئەم دینەدا نەکردووە.. بۆیە شوێنکەوتن و ئیتتیباعیان واجیبە.

**دەیەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيداً عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ﴾ (الحج : ٧٨). واتە: جیهادو تێکۆشان بکەن لە پێناوی خوادا بەو شێوەی شیاویەتی، ئەو (خوا) ئێوەی هەڵبژاردووە (بۆ هەڵگرتنی ئەم ئایینە)، وە لە ئایین دا هیچ کارێکی قورس و گرانی لەسەر دانەناون، ئەمە ئایینی ئیبراهیمی باوانتانە ئەو (خوا) پێشتر ئێوەی بە موسوڵمان ناوناوە، وە لەم قورئانەشدا تا پێغەمبەر ببێت بە شایەت لەسەر ئێوە و ئێوەش ببنە شایەت لەسەر خەڵکی کەواتە بە چاکی نوێژەکانتان بکەن و زەکات بدەن وە تەنها پشت بەخوا ببەستن چونکە هەر ئەوە پشتیوانتانە، ئای چەند پشتیوان و یارمەتی دەرێکی چاکە. خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین کە ئەوانی لەنێوان خەڵکی تردا جیا کردۆتەوە..

(اجتباء) بریتییە لە بژارکردنی شتێك لە شتی تردا، وەك چۆن هەنگوین لە شەمێکەی پاك دەکرێتەوە، خوای گەورەش ئەوانی لە هەموو لەکەو پەڵەیەکی دونیا ویستی و ویستی شەیتانی دوورخستۆتەوە، بۆیە پاکترین و بێ لەکەترین چین و توێژی ئەم ئوممەتە لە دوای پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هاوەڵانییەتی، چون ئەوان خاسییەت و هەڵبژێردراوەکانی ئەو زاتە پاکەبوون "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم".

**یازدەیەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللَّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾. (آل عمران : ١٠١) واتە: وە هەرکەس دەست بگرێ بە ( ئایینی) خواوە ئەوە بەڕاستی ڕێنموونیی کراوە بۆ ڕێبازێکی ڕاست. بەڵگەش لێرە ئەوەیە کەوا ئەوانەی ئیعتیسامیان بە خوا کردووە، هیدایەت دراوو ڕێنما بوونە بۆ ڕێگەی ڕاست، ئاشکرایە

کە یارانی پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"خۆیان بە دینی خواوە بەستبوو و ئیعتیسامیان بە خوا کردبوو، بەم پێیە هیدایەتییان وەرگرتبوو و ڕێنما ببوون، بۆیە شوێنکەوتنیان واجیبە. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلاَكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ﴾ (الحج : ٧٨). واتە: وە تەنها پشت بەخوا ببەستن، چونکە هەر ئەوە پشتیوانتانە.. ئای چەند پشتیوان و یارمەتی دەرێکی چاکە.. لەم ئایەتە ئەوە نیشان ئەدات کە خوا پشتیوانییان لێ دەکات و سەریان دەخات، چونکە ئیعتیسامیان بە خوا کردبوو، کەوابوو دیسان کەسانێ کە خوا پشتیوانییان لێ بکات، شوێنکەوتنیان واجیبە.

**دوازدەیەم**: خوای گەورە دەربارەی هاوەڵانی مووسا (عليه السلام) دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ﴾ (السجدة : ٢٤). واتە: وە لەناو ئەواندا پێشەوایانێکمان دانا ڕێنموونیی (خەڵك) یان دەکرد بە فەرمانی ئێمە، کاتێ خۆیان گرت و بە ئایەتەکانی ئێمە دڵنیا بوون (باوەڕی پتەویان) هێنا.

خوای گەورە لەم ئایەتە ڕایگەیاندووە کە خوا ئەوانی بە پێشەوا گێڕاوە تا خەڵکی و ئەوانەی لەدوای ئەوانەوە دێن شوێنیان بکەون، چاو لە خۆڕاگری و دڵنیایان بکەن، کە ئەوان بەم دوو خەسڵەتە جوانەیان ئیمامەتی ئەم دینەیان پێ بەخشرابوو، بابای بانگخوازیش بۆ خوا کارو کردەوەکانی تەواوو ڕاستەڕێ نابێت بە دڵنیا بوون بەو هەقەی کە دەعوەی بۆ ئەکا و هەق و ئارامی و خۆڕاگری لە بەجێ گەیاندنی ئەم هەقە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات.

ئاشکرایە کە هاوەڵانی پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" شیاوترین کەسن بەم وەسف و بەم خەسڵەتەی هاوەڵانی موسا کە هەیانبوو. ئەوان لەوپەڕی دڵنیابوون و لەوپەڕی خۆڕاگری دابوون، بەڵکوو زیاتر لە باقی ئوممەتانی تر ئەم دوو خەسڵەتە بەرزەیان تیا مسۆگەر ببوو، بۆیە ئەوان زیاتر لە خەڵکی تر شیاوی ئەم ئیمامەتە بوون. دیارە ئەم سیفەتەش بە شایەتی خواو پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە مەدح و بەسەرداهەڵگوتنیان بۆ ئەوان لەواندا سابت و مسۆگەر بووە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا بە باشترین گەل لەگەلانی تر وەسفی کردوون، وەك دەفەرموێت: «إِنَّ خَيْرَكُمْ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ» (رواه

مسلم عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ –رضي الله عنه). واتە:: (باشترین سەدە سەدەی منە، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن). کەوابوو کە ئەوان ئیمام و پێشەوای ئێمە بوون بە تەئکید شوێنکەوتنیان بۆ ئێمە واجیبە.

**سێزدەیەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَاماً﴾ (الفرقان : ٧٤). واتە: وە کەسانێکن کە دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ببەخشە پێمان لە هاوسەران و نەوەکانمان (منداڵەکانمان) ئەوەی چاوانی پێ گەش بێ هۆی دڵخۆشی بێت وە بمانکە بە پێشەوای پارێزکاران و لە خوا ترسان. ئیمامیش بە مانای پێشەنگ دێت، کە ئەشێت بە کەسێك یان بە ئوممەتێك بگوترێت: ئیمام، هەندێ دەڵێن: ئیمام کۆی (آمم) وەك (صاحب و صحاب) یان (راجل و رجال) یاخود (تاجر و تجار) هەندێك دەڵێن چاوگە وەك (قتال) و (ضراب) واتە: خاوەن ئیمامەت و هەقویستیی، کەواتە هەموو ئەوانەی کە تەقوادارن واجیبە کە گوێڕایەڵییان بکرێ و شوێنیان بکەون. چونکە هەر لای خوداش باشترین کەس تەقواداراننن، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات : ١٣). واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا پارێزگارترینتانە، بێگومان خوا زانای ئاگادارە. یارانی پێغەمبەریش یەکێ لە هۆکاری ئیمام بوونیان تەقوا بووە.

**چواردەیەم**: پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"دەفەرموێت: «إِنَّ خَيْرَكُمْ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ» (رواه مسلم عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ (رضي الله عنه). (پێشتر لێکدراوەتەوە). ئەبینین کە پێغەمبەری ئەکرەم "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە موتڵەقی پێی ڕاگەیاندووین کە ئەوان باشترین سەردەمەکانن، بۆیە پێویستە لە هەموو شتێکدا بە پێش خۆمانیان بدەین، چونکە ئەگەر ئەوان تەنها لە هەندێ شتدا خێریان هەبووبێت ئەوە نە ئەبوون بە باشترینی سەردەمەکان.

**پازدەیەم**: « عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: صَلَّيْنَا الْمَغْرِبَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– ثُمَّ قُلْنَا: لَوْ جَلَسْنَا حَتَّى نُصَلِّيَ مَعَهُ الْعِشَاءَ. قَالَ: فَجَلَسْنَا، فَخَرَجَ عَلَيْنَا فَقَالَ: (مَا زِلْتُمْ هَاهُنَا). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّيْنَا مَعَكَ الْمَغْرِبَ، ثُمَّ قُلْنَا نَجْلِسُ حَتَّى نُصَلِّيَ مَعَكَ الْعِشَاءَ. قَالَ: (أَحْسَنْتُمْ) أَوْ (أَصَبْتُمْ). قَالَ: فَرَفَعَ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ، وَكَانَ كَثِيرًا مِمَّا يَرْفَعُ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ، فَقَالَ: (النُّجُومُ أَمَنَةٌ لِلسَّمَاءِ، فَإِذَا ذَهَبَتِ النُّجُومُ أَتَى السَّمَاءَ مَا تُوعَدُ. وَأَنَا أَمَنَةٌ لِأَصْحَابِي، فَإِذَا ذَهَبْتُ أَتَى أَصْحَابِي مَا يُوعَدُونَ. وَأَصْحَابِي أَمَنَةٌ لِأُمَّتِي، فَإِذَا ذَهَبَ أَصْحَابِي أَتَى أُمَّتِي مَا يُوعَدُونَ» (رواه مسلم).. واتە: ئەبووبوردە (خوا لێی ڕازی بێت) لە باوكییەوە، دەڵێ: نوێژی مەغریبمان كرد لە خزمەت پێغەمبەردا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، لەدواییدا گوتمان: خۆزگە دانیشتایەین تا نوێژی خەوتنانیشمان لەگەڵ دەكرد، دانیشتین، هاتە ناومان و فەرمووی: هێشتا لێرەماون؟ گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا؛ نوێژی ئێوارەمان لەگەڵ كردی، گوتمان: دادەنیشین هەتا نوێژی حەوتنانیش دەكەین، فەرمووی: چاكتان كرد یان پێكاتان، دەڵێ: سەری بەرزكردەوە بۆ ئاسمان زۆر جاریش ئاوا سەری بەرز دەكردەوە– فەرمووی: ئەستێرەكان سەلامەتین بۆ ئاسمان، هەركات ئەستێرەكان نەمان ئاسمان توشی ئەو كارەساتە دێت كە وادەی پێدراوە، من سەلامەتیم بۆ ئوممەتم، هەركات ڕۆیشتم یارەكانم توشی ئەوكارەساتە دێن كە وادەیان پێدراوە، یارەكانم سەلامەتین بۆ ئوممەتم، هەركات یارانم نەمان، ئوممەتم تووشی ئەوكارەساتە دەبێت كە وادەی پێدراوە.

بەڵگە لێرە ئەوەیە كە خێرو بەركەتی یارانی بۆ ئەوانەی كە لە دوای ئەوانەوە دێن، وەك خێرو بەرەكەتی خۆیەتی بۆ یارانی، وەك خێروبەرەكەتی ئەستێرەكان لێكیان ئەداتەوە بۆ خەڵكی سەرزەوی. بۆیە ئەم وێكچواندنە واجبوونی شوێنهەڵگرتنی ئەوانمان پێنیشان ئەدات، هەروەك ئەوان شوێن پێغەمبەریان گرتبووەبەر. بۆیە پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" مانەوەی ئەوان لە شوێنكەوتنیان گێڕاوە بە مایەی ئەمینی بۆ ئوممەت، خۆگرتن بە ڕێبازیان ئەبێتە مایەی ڕەوینەوەی شەڕو ئاشووبەكانی بەردەمیان.

**شازدەیەم**: پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"دەفەرموێت: «إِنَّ مَثَلَ أَصْحَابِي فِي أُمَّتِي كَمَثَلِ المِلْحِ فِي الطَّعَامِ لاَ يَصْلُحُ الطَّعَامُ إلاَّ بِالمِلْحِ» (رواه أبو عبد الله بن بطة من حديث الحسن عن أنس) واتە: وێنەی یارانی من لە ئوممەتم،

وەك خوێ وایە بۆ چێشت، چون چێشت بەبێ خوێ ناشێت! حەسەن فەرمووی: (خوێمان لەدەست نەماوە جا بێ ئەم خوێیە چۆن ئەسازێین؟!!). یاخود پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم"دەفەرموێت: «مَثَلُ أصْحَابِي فِي النَّاسِ كَمَثَلِ المِلْحِ فِي الطَّعَامِ» (رواه ابن بطة بإسنادين إلى عبد الرزاق عن معمر عمن سمع الحسن). واتە: وێنەی هاوەڵانم لە ناو خەڵكیا وەك خوێ وان لە چێشتدا!! دیسان لێرەوە حەسەن فەرمووی: (هاوارە! كە خوێی خەڵكی لە بەین چووە!) یان ئەڵێت: حاڵی ئەم خەڵكە چۆنە كە خوێیان لێبڕابێ..!

كەوابوو بەڵگە لێرە ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئەوانی بۆ سەلاّحی ئاینی ئەم خەڵكە وەك خوێ چواندووە، كە هیچ چەشتێك بە بێ خوێ ساز نابێت.

**حەڤدەیەم**: «عَنْ الأعمش قال سمعت أبا صالح يحدث عن أبي سعيد قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: لاَ تَسُبُّوا اَصْحَابِي لاَ تَسُبُّوا اَصْحَابِي فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ اَنَّ اَحَدَكُمْ اَنْفَقَ مِثْلَ اُحُدٍ ذَهَبًا مَا اَدْرَكَ مُدَّ اَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ» (روى البخاري) . واتە: لە "ئەعمەش" دەگێڕنەوە دەڵێت: گوێم لە "ئەبووسالّح" بوو كە لە "ئەبووسەعید"ی گێڕابووەوە كە دەیگوت: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەیفەرموو: جنێو بە یارانی من مەدەن.. جنێو بە یارانی من مەدەن، سوێند بەو كەسەی كە گیانی منی بەدەستە، ئەگەر هەر یەكێك لە ئێوە بە ئەندازەی كێوی ئوحود زێڕ ببەخشێت، ناگات بە مشتی یەكێ لەوان، (بەڵكوو) بە نیوەی مشتێكیش.» لە ئاخاوتنێكی تردا لە سەرەتای فەرموودەكەدا دەفەرموێت: «فوالذي نفسي بيده» خیتابیش لێرە بۆ "خالیدی كوڕی وەلید" و هاوڕێیانیەتی لە مسوڵمانانی حودەیبیە و فەتحی مەككە، ئەگەر مشتی هاوەڵێكی پێغەمبەر یان كەمتر لە مشتێكی خالیدو هاوڕێیانی لە لای خوا باشتر بێت لەكێوێكی زێڕی وەك ئوحود، كەوابوو چۆن پێویست نییە لە سەر ئوممەتی پێغەمبەر كە شوێنیان نەكەون و ئیتیباعیان نەكەن!!

**هەژدەیەم**: پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّم" دەفەرموێت: «إِنَّ اللَّهَ اخْتَارَنِي وَاخْتَارَ لِي أَصْحَابًا، فَجَعَلَ لِي مِنْهُمْ وُزَرَاءَ وَأَنْصَارًا وَأَصْهَارًا ، فَمَنْ سَبَّهُمْ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ، لا يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا وَلا

عَدْلًا» (رواه الحاكم في صحيحة عن عبد الرحمن بن سالم بن عبد الرحمن بن عويلم بن ساعده عن أبيه عن جده). واته: خوا منی هەڵبژاردووە، وە چەند هاوەڵێشی بۆ هەڵبژاردووم، بۆ من لەوان وەزیرو پشتیوان و خزمایەتی بۆ بڕیار داوم، ئەوەی جنێویان پێ بدات، نەفرەتی خواو فریشتەکان و تەواوی خەڵکی لەسەرە، (بەجۆرێ) کە خوا لە ڕۆژی دوایی نە سزایان لەسەر لادەبات و نە دە فریاشیان دەکەوێت!!! کەواتە ئەوە خوای گەورەیە کە ئەم پۆڵە هاوەڵەی بۆ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بڕیار داوە، بۆیە ئەوەی کە جنێویان پێ بدات و سووکایەتییان پێ بکات ئەوە دەکەوێتە ژێر نەفرەتی و خوا پاشان فریشتەکانەوە.. کەوابوو ئەو زاتە پاکانەی کە هەندە پلەو مەقامیان لە لای خواو پێغەمبەر بەرز بێت، چۆن شوێنکەوتنیان لەسەر باقی ئوممەتان پێویست نییە؟!

**نۆزدەیەم**: یاخود "ئیبنوومەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ اخْتَارَ نَبِيَّهُ وَاصْطَفَاهُ وَابْتَعَثَهُ بِالرِّسَالَةِ فَنَظَرَ فِي قُلُوبِ النَّاسِ فَرَأَى قَلْبُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"- وَاخْتَصَّهُ فَرَآهُ أَصْفَى الْقُلُوبِ وَأَبَرَّهَا فَاخْتَارَهُ اللهُ وَاْصَطَفَاهُ لِنُبُوَّتِهِ، ثُمَّ نَظَرَ فِي القُلُوبِ بَعْدَ قَلْبِ مُحُمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"- فَرَأَى قُلُوبِ أَصْحَابِهِ أَبَرَّهَا فَاخْتَارَهُمْ لِصُحْبَةِ نَبِيِّهِ». واتە: خوای پاك و بێگەرد، پەیامبەری خۆی هەڵبژارد، وە پاڵفتەی کردو بە پەیامەوە ناردی، سەرنجی دڵی خەڵکەکانی داو دڵی موحەممەدی بینی "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، و سەیری کرد کە پاکترو باشترە لە هەموو دڵێك، ئەوکاتە خوا دەستنیشانی کردو بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵبژارد، پاشان لەدوای پشکنینی دڵی موحەممەد "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"سەیری دڵی یارانی کرد، بینی کە باشترین دڵیان هەیە، بۆیە ئەوانی وەك هاوەڵ بۆ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەستنیشان کرد. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لە بەڵگەکانی واجب بوونی شوێنکەوتنی هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم".

**بیستەم**: بەڵگەیەکی تر لە بەڵگەی واجبوونی شوێنکەوتنی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم". ئەوەیە کە "ئیبنوومەسعوود" (خوای لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت: «مَنْ كانَ مُتَأسِيًّا فَلْيَتَأَسَّ بِأَصْحَابِ مُحَمَّدٍ "صَلّى

اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فَإِنَّهُمْ كَانُوا أَبَرَّ هَذِهِ الأُمَّةِ قُلُوبًا وَأَعْمَقُهَا عِلْمًا وَأَقَلُّهَا تَكَلُّفاً وَأَقْوَمَهَا هَدْياً وَأَحْسَنَهَا حَالاً قَوْماً اخْتَارَهُمُ اللهُ لِصُحْبَةِ نَبِيِّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فَاعْرَفُوا لَهُمْ فَضْلَهُمْ وَاتَّبِعُوهُمْ فِي آثَارِهِمْ فَإِنَّهُمْ كَانُوا عَلَى الهُدَى المسْتَقِيمِ» (ما رواه الإمام احمد وغيره عن ابن مسعود رضى الله عنه / جامع البيان والعلم). **واتە: هەرکەس پێویستی بە یارمەتی و بە تەنگەوەچوونەوە بوو، با داوای یارمەتی لە یارانی موحەمەد** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **بکات، چونکە ئەوان باشترینی ئەو ئوممەتەن دڵیان لە هەمووان باشترو لەهەمووان زیاتر بە زانستدا ڕۆچوون و لەهەمووش زیاتر ئاسانکار و ڕێنماتر و حاڵەتیان باشتربووە، خوا ئەوانی بۆ هاوەڵایەتی پێغەمبەرەکەی** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **هەڵبژاردووە، کەوابوو بە پلەوپایەیان بزانن و شوێن ئەوان هەڵبگرن، چونکە ئەوان لەسەر ڕێگەی ڕاست بوونە .**

**بیستویەکەم: پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەفەرموێت:** « يَا مَعْشَرَ الْقُرَّاءِ خُذُوا طَرِيقَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُم فَوَاللهِ لَئِنْ اسْتَقَمْتُمْ لَقَدْ سُبِقْتُمْ سَبْقاً بَعِيدًا وَلَئِنْ تَرَكْتُمُوهُ يَمِينًا وَشِمَالًا لَقَدْ ضَلَلْتُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا» (ما رواه الطبراني وأبو نعيم وغيرهما عن حذيفة بن اليمان رضي الله عنه). **واتە: ئەی قورئانخوێنان، ڕێگەی ئەوانەی پێش خۆتان بگرنەبەر، دەسا بەوخوایە ئەگەر ئێوە پێیانەوە ڕاستەڕێ بن، ئەوە بە مەودایەکی دوور ڕاستەڕێ بوو ون، ئەگەریش پشتیان تێ بکەن و بەلای ڕاست و چەپدا بڕۆن ئەوە بە مەودایەکی دوور گومڕا بوو ون.**

**بیستودووەم: "جوندوبی کوڕی عەبدوڵلا" (خوا لێی ڕازی بێت) کاتێ کە کۆمەڵێ خەواریج دێنە لای و پێی دەڵێن: ئێمە داوات لێ دەکەین کەوا بگەڕێیتەوە سەر کتێبی خوا! ئەویش پێیان دەڵێت:** « أَنْتُمْ قَالُوا: نَحْنُ، قَالَ: أَنْتُمْ قَالُوْا: نَحْنُ فَقَالَ: "يَا أَخَابِيثِ خَلْقِ اللهِ فِي أَتْبَاعِنَا تَخْتَارُون الضَّلاَلَة أَمْ فِي غَيْرِ سُنَّتِنَا تَلْتَمِسُونَ الهُدُى اخْرِجُوا عَنِّي» **ئێوە دەڵێن: ئێمە؟ ئێوە دەڵێن: ئێمە؟ ئەی پیسەکانی دروستکراوی خوا، لە شوێنکەوتوانمان داوای سەر لێشێواوی دەکەن؟ یان بە غەیرەز سوننەتی ئێمە داوای هیدایەت دەکەن؟!! لاچن لەبەر چاوم!**

**بیستوسێیەم**: « عَنْ أَبِي نَجِيحٍ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ رضي اللَّه عنه قال : وَعَظَنَا رسولُ اللَّه صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم مَوْعِظَةً بليغةً وَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ وَذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُون ، فقُلْنَا : يا رَسولَ اللَّه كَأَنَهَا موْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَأَوْصِنَا . قال : أُوصِيكُمْ بِتَقْوى اللَّه، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ حبشيٌّ ، وَأَنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيرى اخْتِلافاً كثِيرا . فَعَلَيْكُمْ بسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ ، عضُّوا عَلَيْهَا بالنَّواجذِ ، وإِيَّاكُمْ ومُحْدثَاتِ الأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضلالَةٌ » (رواه أبو داود ، والترمذِي وقال حديث حسن صحيح). واتە: لە "ئەبوونەجیحی "عێربازی کوڕی سارییە" (خوای لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئامۆژگارییەکی زۆر کاریگەری کردین بە چەشنێ کە دڵەکانی هەژاندو چاوەکانی پڕکرد لە گریان، گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ""صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"دەڵێی ئەمە دوا ئامۆژگارییە؟ کەوابوو وەسێتمان بکە. فەرمووی: پێتان دەسپێرم کە خۆ لە سزای خوا بپارێزن و گوێڕایەڵیتان هەبێت ئەگەر بەندەیەکی حەبەشییش فەرمانی بەسەردا کردن، هەرکەس لە ئێوە هەندە بژییەت خیلاف و نابەرەکییەکی زۆر دەبینێت، ئەگەریش وابوو ئەوە خۆتان بگرن بە سوننەتی من و خەلیفە ڕاشیدینە ڕێنمابووەکان، بە ددان یان بەقامکەکانتان توond خۆتانی پێوە بگرن، نەکەن هیچ شتێ لە دینی مندا زیاد بکەن، چونکە هەموو زیادکراوێك گومڕاییە.

لێرەدا دەبینین کە سوننەتی خەلیفە ڕاشیدەکانی بە سوننەتەکانی خۆی هاوپەیوەست کردووە، هەروەك ئیتتیباع و شوێنکەوتنی ئەوان بە ئیتتیباع و شوێنکەوتنی سوننەتەکانی خۆی حسێب کردووە. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە داوا دەکات توond پارێزگاری لە سوننەتەکانیاندا بکەین و بە ددان بیانگرین و بەرییان نەدەین و دەستبەرداریان نەبین. دیراە ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لە واجبێتی شوێنکەوتنیان لە لایەن ئوممەتی ئیسلامییەوە.

**بیستوچوارەم**: بەڵگەیەکی تر لە بەڵگەکان ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموێت: «اِقْتَدُوا بِاللَّذَيْنِ مِنْ بَعْدِي أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ وَاهْتَدُوا بِهَدْيِ عَمَّارٍ وَتَمَسَّكُوا بِعَهْدِ ابْنُ مَسْعُودٍ» (رواه الترمذي من حديث الثوري عن عبد الملك ابن عمير عن هلال مولى ربعي بن حراش عن ربعي عن حذيفة رضي اله عنه). واتە: خۆ بگەیەنن بەو دووکەسەی کە لە دوای منەوە دێن؛

"ئەبووبەکر و عومەر"، بە ڕێنماییەکانی "عەممار" بە ڕێدابڕۆن، خۆتان بە سەردەمی "ئیبنوومەسعوود"ەوە بگرن!

**بیستوپێنجەم**: پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەیفەرموو: «إِنْ يُطِعِ النّاسُ أبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ يَرْشُدُوا» (رواه مسلم في صحيحه من حديث عبد الله ابن رباح عن أبي قتادة). واتە: ئەگەر خەڵکی گوێڕایەڵی "ئەبووبەکر" و "عومەر"بن؛ ڕاستەڕێ دەبن. بۆیە ئەوان کە مایەی تەخت و خۆشکردنی ڕێگای خەڵك بن و ڕێنماییان لە شوێنکەوتنی ئەوانەوە بێت، ئەوە بێگومان تاعەت و گوێڕایەلی کردنیان لەسەر هەموو تاکێکی ئەم ئوممەتە واجبە.

**بیستوشەشەم**: پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە بارەی دانانی "قەعقاعی کوڕی حەکیم" و "ئەقرەعی کوڕی حابیس" بە ئەمیر بە "ئەبووبەکر" و "عومەر"ی دەفەرموو: « لَوْ اتَّفَقْتُمَا عَلَى شَيْءٍ لَمْ أُخَالِفْكُمَا». واتە: ئەگەر ئێوە لەسەر شتێك ڕێبکەون، من قەت موخالیف نابم پێتان. (الله اكبر) لەم پێغەمبەرە گەورەیە، لەم جوامێرە وەفادارە، ئەوەتا ئەو دەفەرموێت: ئەگەر ئێوەی سەحابی لەسەر شتێك ڕێك بکەون، ئەوە من موخالیف بە ئێوە نابم!!! دەجا کەسێ تۆزقاڵێ ئەقڵی بێ و لەودینە گەورە ڕامێنێ و هۆشی بێ، ئەبینێ کە شوێنکەوتنی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" چەندە مایەی خۆشحاڵی ئەو زاتە پاکە بوو ون.. سەرنجدەن ئەوە پێغەمبەری خوایە کە ئەو هەقە بەخۆی ئەدات کە موخالیف بە یارانی نەبێت، دەجا چۆن ئێمە گوناهبار دەتوانین کە هەقی ئەوە بەخۆ بدەین کە پشتیان تێ بکەین و شوێنییان نە کەوین!!!

**بیستوحەفتەم**: پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ڕۆژێ سەرنجی "ئەبووبەکر" و "عومەر"ی داو فەرمووی: «هَذَانِ السَّمْعُ وَالْبَصَرُ» (الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيحَيْنِ لِلْحَاكِمِ عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ حَنْطَبٍ رضي الله عنه). واتە: ئەم دوو

پیاوە لە جێگەی بیستن و بینینن! سەرنجدەن: چەندە بیستن و بینین بۆ ئینسانەکان پێویستن، دەجا بنۆڕن ئەوە پێغەمبەری خوایە "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە ئەوان بە جێگەی بیستن و بینینی خۆی دایاندەنێت!! کەسانێ کە ئەو پلەو مەقامەیان لە ئاینی خوادا هەبێت بە بێ شك شوێنکەوتنیان واجیبە.

**بیستوهەشتەم**: "ئەبووداوود" و "ئینوماجە"، لە فەرموودەی "ئیبنوئیسحاق" ئەویش لە "مەکحوولی کوڕی غەزییفی کوڕی حاریس" و ئەویش لە "ئەبووزەڕ" گێڕاویانەتەوە کەوا ڕۆژێك منداڵێك بەلای "عومەر"دا ڕەت دەبێت، دوایی "عومەر" دەڵێت: ئەو باشترین منداڵە، ئەڵێ "ئەبووزەڕ"یش بەدوای منداڵەکەدا دەچێت و پێی دەڵێت: ئەی منداڵ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە، ئەویش دەڵێت: ئەی "ئەبووزەر"! من داوای لێخۆشبوون بۆ تۆ بکەم و کەچی تۆ هاوەڵی پێغەمبەریت؟!! ئەویش دەڵێت: تۆ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە! منداڵەکەش دەڵێت: نا! تاکوو پێم نەڵێیت بۆ؟ ئەویش دەڵێت: ئاخر تۆ کاتێ کە بە لای "عومەر"دا ڕەت بوویت، "عومەر" لە دوای تۆ گوتی: باشترین منداڵیت! چونکە دەزانم: کە خوا هەقی لەسەر زمان و دڵی عومەر گێڕاوە!!

**بیستونۆیەم**: سەبارەت بە "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت) پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەکۆمەڵێك فەرموودەی پیرۆزی خۆی ئاماژەی بە فەزڵ و پلەو پایەی داوە، هەروەك لە پێشەوە یەك دوو فەرموودەمان لەسەری هێنایەوە، لێرەش پێغەمبەر خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لَقَدْ كَانَ فِيما قَبْلَكُمْ مِنَ الأُممِ نَاسٌ محدَّثونَ ، فإن يَكُ في أُمَّتي أَحَدٌ ، فإنَّهُ عُمَرُ » (رواه البخاري عنْ أبي هُرَيْرَة رضي اللَّه عَنْهُ). واتە: ئوممەتانی بەر لە ئێوە، کەسانی بەهرەمەندیان تیا هەبوو، ئەگەر لە ئوممەتی منیش یەکێ هەبێ و بەهەرەمەندبێ ئەوە "عومەری کوڕی خەتتاب"ە!

**سییەم**: « عَنِ ابْنِ عُمَرَ ، قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" يَقُولُ : بَيْنَمَا أَنَا نَائِمٌ إِذْ أُتِيتُ بِقَدَحِ

لَبَنٍ، فَشَرِبْتُ مِنْهُ ثُمَّ أَعْطَيْتُ فَضْلِي عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ، قَالُوا : فَمَا أَوَّلْتَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ : الْعِلْمَ» (حديث صحيح).
واتە: لە "ئیبنووعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر ""صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو دەیفەرموو: کاتێ کە خەوتبووم، لەخەوا قاپێ شیریان بۆ هێنام، منیش لێم خواردەوە و پاشان ئەوەی کە مایەوە دام بە عومەری کوڕی خەتتاب! پێیان گوت: چۆنت لێکدایەوە ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: زانست! ! (واتە: ئەوە زانست بوو کە دام بە عومەر!)

**سێیەکەم**: هەروەها دەفەرموێت: « لو كَانَ نبيٌّ بعدي لكَانَ عُمر بنُ الخَطَّاب». (هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيْبٌ لا نَعْرِفُهُ إلا من حَدِيث مِشْرَحِ بن هَاعَانَ). واتە: ئەگەر لە دوای من پێغەمبەرێك لە ئارادابێت ئەوە "عومەری کوڕی خەتتاب"ە. بۆیە "ئەعمەش" لە "شەقیق" دەگێڕێتەوە کەوا "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموویەتی: «وَاللهِ لَوْ أَنَّ عِلْمَ عُمَرٍ وُضِعَ فِي كَفَّةِ مِيزانٍ وَعِلْمُ أَهْلَ الأَرْضَ فِي كَفَّةٍ لَرَجَحَ عِلْمَ عُمَرٍ» واتە: ئەگەر زانست و زانیاری عومەر بخەیتە تایەکی تەرازوو و زانست و زانیاری تێکڕای خەڵکی سەر زەوی بخەیتە تایەکەی ترەوە، ئەوە بەلای تای عومەردا دەکەوێت! ! هەروەها "ئیبراهیمی نەخعی" دەیفەرموو: "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموویەتی: « واللهِ إنّي لأَحْسَبُ عُمَرَ ذَهَبَ بِتِسْعَةِ أعْشَارِ الْعِلْمَ ». واتە: من وای دائەنێم کە عومەر نۆ لە دەی لە زانست پێ براوە! ! پاکی و بێگەردی بۆ خوای پەردەوردگار، کە پێغەمبەرێکی نازداری وەك موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای بۆ هەڵبژاردووین (عَلَيهِ أَفْضَلُ الصّلاَةِ والسَّلام) سەر و ماڵمان بێ بەقوربانی، کە چەندە میهرەبان و هەق بێژبووە، چەندە بە ئینساف و دڵنەوابووە.. ئاخر ئەبینین کە چەندە کەڵەپیاوێکی وەك عومەری بۆ درووست کردین کە ببێتە مایەی شانازی خۆی و ئوممەتەکەی.. ئەبینین کە چۆن دەبێژێ کە بڕیاربێت پێغەمبەری تر لەدوای من هەبێت ئەوە عومەرە کە دەبێ بە پێغەمبەر! ! کەچی لات و لۆتییەکانی شیعەی ڕافیزی سووکایەتی پێ دەکەن و نەفرەتی بۆ دەنێرن! ! لە نوێژەکانا لە دوعاو پاڕانەوەکانا سەری زمان و بنی زمانییان جنێودان و سووکیەتییە بەو خۆشەویستەی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، قسە لێرە واجببونی شوێنکەوتنی کەڵەپیاوێکی وەك عومەرە کەچی ئەو دەمشڕو گڕنگنانەی شیعەی ڕافیزی سوکایەتی کردن بە عومەر و تێکڕای یارانی پێغەمبەر بە جۆرێ لە یادی خوا دەزانن.. جێژن بۆ ڕۆژی کوشتنی دەگێڕن و

سوژدە بۆ ئەبوولوئلوئی مەجووسی بکوژیی دەبەن!!

هەروەها "ئیبنوو عویەینە" ئەویش لە "عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی" دەگێڕنەوە دەڵێت: «كَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ إِذَا سُئِلَ عَنْ شَيْءٍ وَكَانَ فِي الْقُرآنِ أَوِ السُنَّة قَالَ بِهِ وَ إلاَّ قال بِما قَالَ بِهِ أَبُو بَكْرٍ وَ عُمَر فَإِنْ لَم يَكُنْ قَالَ بِرَأْيِهِ» واتە: کاتێك کە پرسیاریان لە "ئیبنوعەبباس" بکردایە، ئەویش وەڵامی بە قوڕئان یان سوننە ئەدایەوە، دەنا وەڵامی بە وەڵامی ئەبووبەکر و عومەر ئەدایەوە و قەت بە ڕای خۆی وەڵامی نە ئەدایەوە!! کەوابوو ئەوە ئیبنووعەبباس و شوێنکەوتووانییەتی (خوا لێیان ڕازی بێت) کە لە دوای قوڕئان و سوننەت دوای ڕێنماییەکانی ئەبووبەکر و عومەر دەکەوتن، ئەی ئەبێ بۆ ئێمە واجب نەبێت کە شوێنیان بکەوین؟! دیارە لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی ئیبنوعەبباسیش هەیبوو هیچ کەسێ لە یارانی بەم بڕیارەی ئەو موخالیف نەبوون.

**سیودووەم**: پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەرامبەر بە ئیبنومەسعوود (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: « رَضِيتُ لِأُمَّتِي مَا رَضِيَ لَهَا ابْنُ أمِّ عَبْدٍ» (رواه منصور عن زيد بن وهب عن عبد الله وصححه الألباني).

واتە: من ڕازیم لە ئوممەتی خۆم لەوانەی کە ئیبنو ئوم عەبد (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود) پێیان ڕازییە. یاخود لە ڕیوایەتی تر هاتووە: «عَن أبي مَسعودٍ- رضي اللّه عنه- قالَ : قال لي النبيُّ صلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : اقْرَأْ عليَّ القُرآنَ، قلتُ : يا رسُولَ اللّه ، أَقْرَأُ عَلَيْك ، وَعَلَيْك أُنْزِلَ ؟، قالَ : إِني أُحِبُّ أَنْ أَسْمَعَهُ مِنْ غَيْرِي، فقرَأْتُ عليه سورَةَ النِّساء ، حتى جِئْتُ إلى هذِهِ الآية : -فَكَيْفَ إذا جِئْنا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهيد وجِئْنا بِكَ عَلى هَؤلاءِ شَهيداً/-الآية : ٤١- قال : حَسْبُكَ الآنَ! فَالْتَفَتَّ إِلَيْهِ . فَإِذَا عَيْنَاهُ تَذْرِفانِ» . (متفقٌ عليه). واتە: عەبدوڵای کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێی فەرمووم: قوڕئانم بەسەردا بخوێنە. ئەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قوڕئان بەسەر تۆدا بخوێنمو لەکاتێکدا کە قوڕئان بۆسەر تۆ دابەزیووە؟ فەرمووی: من حەزدەکەم لە غەیرەز خۆم ببیستمەوە! ئەڵێ: منیش سورەتی نیسائم بەسەر خوێندەوە تا گەیشتمە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێ: ئاخۆ حاڵی ئەو کافرانە چی بێت کە لە ڕۆژی دواییدا لە هەموو نەتەوەیەك شایەتێك دێنین‌و تۆش دێنین کە شایەت بیت لەسەر ئەوان –ئایەتی ٤٠- ( فەرمووی: ئیتر بەسە). ئەڵێ: کە تەماشام کرد بینیم کە هەردوو چاوەکانی پڕبوو ون لە فرمێسك!

لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: «وقال: رَضِينَا بِاللهِ رَبّاً وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا وَرَضِيتُ لَكُمْ مَا رَضِيَ لَكُمْ ابْنُ أُمُّ عَبْدٍ». واتە:

(پاشان پێغەمبەر) فەرمووی: ڕازین بەوە کە خوا پەروەردگارمانە و ئیسلام ئاینمانە، وە بۆ ئێوە ڕازیم لە شتێ کە ئیبنومەسعوود پێی ڕازییە.

بۆیە دەڵێین: کە ڕەفتاروگوفتاری ئەو نەوە تاکەی قورئانی بۆ ئێمە ئەبێتە حوججە، بۆیە شوێنکەوتنیان لەسەر تاك و کۆمەڵ واجبە.

**سیوسێیەم**: «أَخْبَرَنَا أَبُو سَهْلٍ أَحْمَدُ بْنُ مُحَمَّدٍ النَّحْوِيُّ بِبَغْدَادَ، ثَنَا جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ شَاكِرٍ ، ثَنَا قَبِيصَةُ بْنُ عُقْبَةَ ، ثَنَا سُفْيَانُ ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ ، عَنْ حَارِثَةَ بْنِ مُضَرِّبٍ ، قَالَ : كَتَبَ إِلَيْنَا عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ : " إِنِّي قَدْ بَعَثْتُ إِلَيْكُمْ عَمَّارَ بْنَ يَاسِرٍ أَمِيرًا، وَعَبْدَ اللَّهِ بْنَ مَسْعُودٍ مُعَلِّمًا وَوَزِيرًا، وَهُمَا مِنَ النُجَبَاءِ مِنْ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ، مِنْ أَهْلِ بَدْرٍ فَاسْمَعُوا، وَقَدْ جَعَلْتُ ابْنَ مَسْعُودٍ عَلَى بَيْتِ مَالِكُمْ فَاسْمَعُوا فَتَعَلَّمُوا مِنْهُمَا، وَاقْتَدُوا بِهِمَا، وَقَدْ آثَرْتُكُمْ بِعَبْدِ اللَّهِ عَلَى نَفْسِي» (صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ). واتە: "ئەبووسەهل ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی نەحوی" لە بەغداد بۆی گێڕاینەوە، کەوا "جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی شاکر"، ئەویش لە "قەبیسەی کوڕی عوقبە"، ئەویش لە "سوفیان"، ئەویش لە "ئەبوو ئیسحاق"، ئەویش لە "حاریسەی کوڕی موزەڕیب"، دەگێڕێتەوە کەوا "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت) نامەیەکی بۆ نووسین و پێی ڕاگەیاندین: کە ئەوە من "عەمماری کوڕی یاسر"م وەك ئەمیر و "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود"م وەك مامۆستاو وەزیر بۆ هەناردن، ئەوان باشترین هاوڕێی پێغەمبەرن و لە ئەهلی بەدرن، کەوابوو گوێ بدەنێ: "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود"م کرد بە بەرپرسی بەیتولمالی ئێوە، گوێڕایەڵ بن و لێیان فێر ببن و پەیوەست بن پێیانەوە، وە من "عەبدوڵڵا"م بۆ ئێوە بەسەر نەفسی خۆمدا هەڵبژارد.

ئەمەش عومەرە کە فەرمان بە ئەهلی کووفە دەکات کە ئیقتیدا بە عەمماروو ئیبنومەسعوودەوە بکەن و گوێیان بۆ بگرن، چونکە قسەو ڕێنماییەکانیان بۆ ئەوان حوججەیە، هەڵبەت ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەمەڕ واجببوونی شوێنکەوتنی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"

**سیوچوارەم**: ئەوەی کەوا "عوبادەی کوڕی سامیت" (خوا لێی ڕازی بێت) ڕایگەیاندو گوتی: بەیعەتمان دا بە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەسەر گوتنی هەق کە لە هەرکێیەکا بین، وە سەبارەت بە باوەڕبوون و بەندایەتی کردنی خودامان لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسێین و نەپرینگێینەوە...

ئێمەش لێرە شایەتی ئەوەیان بۆ ئەدەین کە هەر بەم بەیعەتەوە ژیانیان گوزەراندووەو بەڕێ کردووە، هەق بێژبوونەو لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێکیش باکیان نەبووە، وە لە ترسی هیچ قامچی و ئەشکەنجەی هیچ زۆردارێك و دەسەلاَتدارێکی جەللاددا نەچەمینەتەوەو هەقیان هەر گوتووەو ڕاگەیاندووە، ئاشکرایە کە ئەگەر لە ژیانی پڕ سەروەرییان ڕابمێنین ئەوە دەبینین کە یەکێکی وەك "ئەبووسەعید" چۆن ڕووبەڕووی یەکێکی وەك "مەڕوان" کە ئەمیری شاری مەدینەبووە وەستاوەتەوە، یان "عوبادەی کوڕی سامیت" بەرامبەر بە "موعاویە" کە خەلیفە بووە، یاخود "ئیبنوعومەر" بەرامبەر بە "حەججاج" کە لە ژێر قامچی ئەویشا بوو هەر هەقی ڕاگەیاندووە، یان بەرامبەر بە "عەمری کوڕی سەعید" کە ئەمیری شاری مەدینە بوو وەستاوەتەوە. بۆیە هەموو ئەو والی و کاربەدەستانە کاتێ کە لە هەق لایاندا بوویێت، ئەبینین کە ئەو جوامێرانە چۆن هەر هەقیاو گوتووەو لە ژێر قامچی هیچ کامێکیشیان تۆزقاڵێ لە گەیاندنی ئەم دینە نەسڵەمینەتەوە!! کەوا بوو ئەگەر ئەوان نەکەین بە پێشڕەوو پێشەنگی خۆمان، ئەبێ کێ بکەین بە چاوساغ و سەرمەشقی ژیانمان..؟!! نەخێر ! دەڵێین شوێنکوتنمان بۆ ئەوان واجێکی حەتمییە.

**سیوپێنجەم**: « عَنْ أَبِي سَعِيدٍ –رضي الله عنه–: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– جَلَسَ عَلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ: عَبْدٌ خَيَّرَهُ اللَّهُ بَيْنَ أَنْ يُؤْتِيَهُ زَهْرَةَ الدُّنْيَا وَبَيْنَ مَا عِنْدَهُ، فَاخْتَارَ مَا عِنْدَهُ، فَبَكَى أَبُو بَكْرٍ –رضي الله عنه– وَبَكَى، فَقَالَ: فَدَيْنَاكَ بِآبَائِنَا وَأُمَّهَاتِنَا، قَالَ: فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– هُوَ الْمُخَيَّرُ، وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ أَعْلَمَنَا بِهِ، وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم–: إِنَّ أَمَنَّ النَّاسِ عَلَيَّ فِي مَالِهِ وَصُحْبَتِهِ أَبُو بَكْرٍ، وَلَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا خَلِيلًا لَاتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ خَلِيلًا، وَلَكِنْ أُخُوَّةُ الْإِسْلَامِ، لَا تُبْقَيَنَّ فِي الْمَسْجِدِ خَوْخَةٌ إِلَّا خَوْخَةَ أَبِي بَكْرٍ». (البخاري / فضائل الصحابة/ ٣٦٩١). واتە: لە "ئەبووسەعیدی خودری" یەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دانیشت لەسەر دوانگە و فەرمووی: بەندەیەك خواسەرپشکی کردووە لە نێوان جوانی دنیا و ژیانی لای

پەروەردگار، ئەو ئەوەی هەڵبژاردوە کەلای پەروەردگارە. "ئەبووبەکر" (خوای لیّ ڕازی بێت) گریا گریا و گوتی: باوك و دایکم فیدات بێت، گوتی: سەرپشك کراوەکە پێغەمبەر بوو "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، "ئەبووبەکر"یش زاناترین کەسمان بوو بەو فەرمایشتە، هەروەها پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"فەرمووی: (منەتکارترین کەس لەسەر من بەماڵی و بەهاوڕێیەتی "ئەبووبەکر"ە، ئەگەر من خۆشەویستم هەڵبژاردایە ئەبووبەکرم هەڵدەبژارد، بەڵام برایەتی ئیسلام لەنێوانماندایە، هیچ دەرگا چکۆلەیەك بۆ سەر مزگەوت ناهیلڕێت جگە لە دەرگا چکۆلەکەی ئەبووبەکر..!

لە ڕیوایەتێکی تردا کە لە "ئەبووسەعیدی خودری" (خوای لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە هاتووە کە دەفەرموێت: «خطَب يَوْمًا، فَقَالَ: إِنَّ رَجُلا خَيَّرَهُ اللَّهُ بَيْنَ الدُّنْيَا وَبَيْنَ مَا عِنْدَ اللَّهِ فَاخْتَارَ مَا عِنْدَ اللَّهِ "، فَبَكَى أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، فَتَعَجَّبْنَا لِبُكَائِهِ، أَنْ يُخْبِرَ النَّبِيُّ "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" عَنْ رَجُلٍ خُيِّرَ، وَكَانَ الْمُخَيَّرُ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ أَعْلَمُنَا بِهِ فَقَالَ : " لا تَبْكِ يَا أَبَا بَكْرٍ إِنَّ أَمَنَّ النَّاسِ فِي صُحْبَتِهِ وَمَالِهِ أَبُو بَكْرٍ، لَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا خَلِيلا لاتَّخَذْتُهُ، وَلَكِنْ أُخُوَّةُ الإِسْلامِ وَمَوَدَّتُهُ، لا يَبْقَى فِي الْمَسْجِدِ بَابٌ إِلا سُدَّ إِلا بَابُ أَبِي بَكْرٍ» (رواه مسلم).
واتە: ڕۆژێ پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وتاری ئەداو فەرمووی: پیاوێك خواسەرپشكی كردووە لە نێوان دونیا و ئەوەی لای خوا هەیە! (لێرەدا) ئەبووبەكر دەستی كرد بە گریان، (ئەبووسەعید گوتی:) زۆر سەیرمان هات لە گریانی "ئەبووبەكر"! كاتێ كە هەواڵ بە پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" گەیەنراوە لەبارەی پیاوێك كە سەرپشك كراوە، كەچی سەرپشك كەرەكە پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو، كەچی "ئەبووبەكر" لە هەموومان شارەزاتربوو بەم فەرمایشتە، پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"فەرمووی: مەگری ئەی "ئەبووبەكر"! منەتكارترین كەس لەسەر من بەماڵی و بەهاوڕێیەتی "ئەبووبەكرە"! خۆ ئەگەر بڕیاربوایە من كەسی تر (جگە بەخوا) بكەم بە خەلیل و هاوڕێی خۆم ئەوە ئەبووبەكر بوو. بەڵام برایەتی ئیسلام لەنێوانماندایە، هیچ دەرگا چكۆلەیەك بۆ سەر مزگەوت ناهیلڕێت جگە لە دەرگا چكۆلەكەی "ئەبووبەكر"!

**سیوشەشەم:** « عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ابن مسعود –رضي الله عنه-، قال : لَمَّا قُبِضَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قالتِ الْأَنْصَارُ : مِنَّا أَمِيرٌ وَمِنْكُمْ أَمِيرٌ فَأَتَاهُمْ عُمَرُ، فَقَالَ : أَلَسْتُمْ تَعْلَمُونَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قَدْ

" أَمَرَ أَبَا بَكْرٍ أَنْ يُصَلِّيَ بِالنَّاسِ فَأَيُّكُمْ تَطِيبُ نَفْسُهُ أَنْ يَتَقَدَّمَ أَبَا بَكْرٍ قَالُوا نَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ نَتَقَدَّمَ أَبَا بَكْرٍ » (المهذب – الإمام الذهبي باسناد جيد). واتە: لە "عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێت: کاتێ کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وەفاتی فەرموو: ئەنسارِ گوتیان: لە ئێمە ئەمیرێك و لە ئێوەش ئەمیرێك دائەنێین! تا "عومەر" هات و فەرمووی: ئایا نازانن کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمانی بە ئەبووبەکر کرد کە نوێژ بۆ خەڵکی بکات، جا کێ لە ئێوە خۆشحاڵ دەبێ کە پێش ئەبووبەکر بکەوێتەوە؟! ئەوانیش گوتیان: پەنا بەخوا لەوە کە پێش "ئەبووبەکر" بکەوینەوە!

**سیوحەفتەم**: «عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، قَالَ : كُنْتُ فِي بَيْتِ مَيْمُونَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ، فَوَضَعْتُ لِرَسُولِ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" طَهُورًا، فَقَالَ : مَنْ وَضَعَ هَذَا ؟ قَالَتْ مَيْمُونَةُ : عَبْدُ اللَّهِ، فَقَالَ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" : " اللَّهُمَّ فَقِّهْهُ فِي الدِّينِ، وَعَلِّمْهُ التَّأْوِيلَ» (صحيح ابن حبان). واتە: "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێت: من لەماڵی مەیموونەی کچی حاریس بووم و کەرەسە دەستنوێژم یۆ پێغەمبەر (سازکردو) دامنا! ئەڵێ پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: کێ ئەم (ئاوەی) داناوە؟ "مەیموونە"ش (خوا لێی ڕازی بێت) گوتی: عەبدوڵلا! پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: خودایە (عەبدوڵلا) لەدین شارەزای کەیت و فێری لێکدانەوەی کەیت.

**سیوهەشتەم**: «عَنْ ثَوْبَانَ "رضي الله عنه" قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" : لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَذَلِكَ» (البخاری/المناقب/٣٤٤١، ٣٤٤٢). واتە: "سەوبان" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: بەردەوام تاقمێك لە ئوممەتەکەم لەسەر هەق دەمێنن و نابەزن و کەسێك بیەوێت سەرشۆڕیان بکات ناتوانێت زیانیان لێبدات تاوەکو فەرمانی خوا بە مردنیان دێت و ئەوان هەروا دەبن. "عەلی کوڕی ئەبووتالیب" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئەم زەمینە لەکەسانێ کە هەق دەگەیەنن بەتاڵ نابێت، بۆ ئەوەی حوججەکانی خوا لەسەر

خەڵکەکان پەکییان نەکەوێت.. پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئەبینین بەردەوام بوونی حوججەکانی خوا لەسەر بەندەکانی بەستۆتەوە بەم کۆمەڵەی کە لە ئوممەتی خۆی بەردەوام ئەم حوججەو ئەم هەقەیان گەیاندووەو دەگەیەنن. هەروەك ئەم هەقەشیان لە دوای پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"بەئوممەتی ئیسلامیی گەیاندووە، دەی ئەگەر ئەوان حوججە نەبوونایە بەسەر ئێمە چۆن ئەم هەقە دەگەیشت بە ئێمە؟

**سیونێیەم**: "ئیبراهیمی نەخەعی" (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵێت: (وَكَفى عَلى قَوْمٍ وِزْرا أَنْ تُخالَفَ أَعْمَالَهُم أَعْمَالَ أَصْحابِ نَبِيِّهِمْ "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وسَلَّم). واتە: بەسە بۆ گەلێك کە تووشی تاوان ببن بە هۆکار ئەوە کە کردەوەکانییان پێچەوانەی کردەوەی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بووبێت. هەروەها "شوعبی" (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵێت: "ئەبووعەبدوڵلای حافیز" و "ئەبووعەبدوڵلا؛ ئیسحاقی کوڕی موحەممەد کوڕی یوسفی سووسی" هەر یەك لەوان پێی ڕاگەیاندین و گوتیان: گوێم لە "ئەبووعەبباس موحەمەدی کوڕی یەعقووب" بوو کە دەیگوت: گوێم لە "عەبباسی کوڕی وەلید کوڕی مەزیەدی بەیروونی" بوو کە دەیگوت: گوێم لە باوکم بوو کە دەیگوت: گوێم لە "ئەوزاعی" بوو گە دەیگوت: لەسەر شوێنەواری سەلەف بچۆ بەڕێدا، ئەگەر خەڵکی ڕەتیان کردیتەوە، نەکەی ڕای خەڵك وەرگریت و ڕای سەلەف پشتگوێ بخەیت، ئەگەر قسەی خەڵکیشت لا زۆر جوان لە جێ بوو.

هەروەها دەڵێت: (مَا حَدَّثُوكَ بِهِ عَنْ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" فَخُذْهُ وَمَا حَدَّثُوكَ بِهِ عَنْ رَأْيِهِم فَانْبِذْهُ فِي الحَشِّ). واتە: ئەوەی کە لە هاوەڵانی موحەممەدەوە "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" باسی دەکەن وەری بگرە، ئەگەریش باسیان لە ڕای خۆیان کرد تووری هەڵدە.

هەروەها ڕۆژێك پێشەوا "ئەوزاعی" بە "ئەبووئیسحاق" دەڵێت: (اصْبِرْ نَفْسَكَ عَلَى السُّنَّةِ، وَقِفْ حَيْثُ وَقَفَ الْقَوْمُ، وَقُلْ بِمَا قَالُوا، وَكُفَّ عَمَّا كَفُّوا عَنْهُ، وَاسْلُكْ سَبِيلَ سَلَفِكَ الصَّالِحِ، فَإِنَّهُ يَسَعُكَ مَا وَسِعَهُمْ). واتە: خۆڕاگربە لەسەر

سوننەت، بوەستە لەسەر شتێك كە ئەو كوڕانەی (سەلەفی ساڵح) لەسەری وەستابوون، ئەوە بڵێ كە ئەوان دەیانگوت! واز بێنە لەوانەی ئەوان وازیان لێ هێنابوو، شوێن سەلەفی ساڵحت بگرە بەر، چون بەمە پێ دەگەیت كە ئەوان پێی گەیشتبوون.

ئەم خاڵانەی سەرەوەی كە باسمان كردن، نموونە گەلێكی زیندووبوون لەمەڕ ماجب بوونی شوێنكەوتنی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" خوا لە هەمووان ڕازی بێت.

### هەڵوێستی ئەهلی سوننەو جەماعەت سەبارەت بەو فیتنەو ئاژاوانەی كە كەوتە نێوان هاوەڵانی پێغەمبەرەوە

لێرەدا بە پێویستی دەزانم كە هەڵوێستی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە مەڕ ئەو فیتنەو شەڕوشۆڕەی كە كەوتبووە نێوان یارانی پێغەمبەر "خوا لێیان ڕازی بێت"..! لەكاتێك كە شەڕەكان كەوتبووە نێوان باشترین كەس لەوانەی كە لەدەوری پێغەمبەر بوون "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم". ئێمەش وەك شوێنكەوتووانی پێغەمبەرو یارانی پێغەمبەر وەك ئەهلی سوننەت و جەماعەت هەڵوێستمان سەبارەت بەشەڕەكانی نێوان بەرەی "عەلی كوڕی ئەبوو تالیب" و "موعاویەی كوڕی ئەبی سوفیان" و باقی سەحابەی كیرام (خوا لێیان ڕازی بێت) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**یەكەم**: ئەو مشتومڕەی كەوتبووە نێوان عەلی و موعاویە بە شێوەیەكی گشتی ئەسڵێك نییە تا ئێمە قسەی لەسەر بكەین، بەڵكوو ئەسڵ لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت بریتییە لە وەستان و بێ دەنگ بوون و خۆهەڵنەقورتاندن لە ئاست شەڕەكانیاندا.. ئەم قسەش لە كتێبی ئەهلی سوننەتدا وارید بووە وەك كە لە كتێبی (السنة)ی "عەبدوڵڵای كوڕی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل" و (السنة)ی "ئیبنوئەبی عاسیم" كتێبی (العقيدة الطحاوية)...هتد هاتووە.

**بۆیە لێرەوە پێویستە هەندێ شت لەو بۆچوونەی سەرەوە بەگرنگ وەربگرین:**

(١) بۆ ئەوەی كەس نەكەوێتە هەڵەی بەكەمگرتنی هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"ەوە، ئەوە پێویستە بێدەنگ بین لە ئاست ئەو شەڕوشۆڕشەی كە هەبوو.. چونكە هەركەسێك بەچاوی ناحەزیی نێوان عەلی و موعاویەو ئەوانەی كە لەگەڵیان بوون تەماشا بكات، ئەوە بە بێ گومان لە هێزرو ناخی ئەو كەسە لە پلەو پایەو خۆشویستنی یارانی پێغەمبەر كەم دەبێتەوە! لە جوامێریان و لە دادگەری و لە تاقانەیی ئەوان كەم دەبێتەوە. بۆیە هەر ئەوەندە ئەبێ بۆیان لەقەڵەم بدەین كە خیلافێك بووە وەك باقی خیلاڤ ئینسانەكان كە لەسەر بنەمای ئیجتیهادێكەوە درووست دەبێت.

(٢) نابێ لای خەڵكی سادەو گشتی دەرگای هەندێ باس بكرێتەوە كە بواری تێگەیشتنیان لە شتەكان سنووردارببێت، مەگەر كەسێك كە تێ ئەگاو خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەری لەدڵدا بەرز بێت. بۆیە "ئیمام بوخاری" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەو زانستەی تایبەتە بۆ تێگەیشتنی كەسێك جیا لەكەسانی تر بۆ ئەوەیە نەكا لێی حاڵی نەبێت و تێی نەگات). هەروەها "عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب" (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: شتێ بەخەڵك بڵێن كە تێی بگەن، ئایا پێتان خۆشە كە خواو پێغەمبەر بە درۆ بخرێتەوە؟!!

**دووەم**: ئەگەر هەر پێویست بوو كە قسە لەسەر مشتومڕو شەڕو شۆڕی هاوەڵان بكرێت، هەوڵ بدە سەرەتا كێشە مێژووییەكان تەحقیق و تەسبیت بكەیت، بزانە تاچەند كێشەكان بەم شێوە بوونە كە كتێبە مێژووییەكان باسییان لێوە كردووە، بە تایبەت ئەو فیتنەو ئاژەوانەی كە كەوتبووە نێوان هاوەڵانی پێغەمبەرەوە.! چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ (الحجرات: ٦). واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوناهكارێ هەواڵێكی گرنگی هێنا بۆتان ئەوە لێی بكۆڵنەوە (تا ڕوون ببێتەوە) نەوەك زیان بگەیەنن بە خەڵكێك بە نەزانین، ئەوسا پەشیمان بن لەو كارەی كە كردووتانە.
هەڵبەت ئەم ئایەتە فەرمان بە بڕواداران دەدات كە لێكۆڵینەوە لە هەواڵەكاندا بكەن و هەرچی شتێ كە گوترا بڕوای پێ نەكەن، نەكا بە هەڵە لە شتێك حاڵی بن و لە دواییا كە بۆیان ڕوون بووەوە بەم شێوە نەبووە ئیتر

پەنجەی پەشیوانی بکرۆژن لە کاتێ کە کار لە کار ترازابێت.

ئاشکرایە کەوا زۆر دەستی پیسی بە ئەقەست هەن کە دەیانەوێ مێژوومان لێ بشێوێنن و هەقیقەتەکانمان لێ ئاوەژوو بکەن، بە تایبەت بە ڕیوایەتی درۆو دوور لە ڕاستییەکان کە خەڵکی سادە پێ هان دەدەن کە شتێك لە ڕیوایەت و ڕاستی درووستی فەرموودەکان نازانن تا بۆ ئەوەی لەفەزڵ و پلەو مەکانەتی هاوەڵانی پێغەمبەر کەم بکەنەوەو ئەوانیش بە نا ئاگایی جنێویان پێ بدەن و ڕقیان لێ بکێشن. بۆیە زۆربەی زۆری ڕیوایەتەکان کە باس لە مشتومڕی ئەوێ ڕۆژێ هاوەڵان دەکەن؛ درۆزن و دوژمنانی خواو پێغەمبەر و شیعەی دوازە حەشەڕی (ببوورن عەشەڕی)ین کە هەڵیانبەستووەو غلوویان لە مەسەلەکاندا کردووە!! بە وێنەی (**ئەبی میخنەف**) و (**هیشامی کوڕی موحەممەدی کوڕی سائیبی کیلەبی**)و هاوشێوەکانیان وەك (**کولێنی**) و (**خومەینی**) لە قسە بێسەرو بەرو بێ ماناکانیان (کە لە دواییا هەندێك ئاماژەی پێ دەدەین).

**سێیەم**: لەکاتی درووستی ڕیوایەتەکان لە تەرازووی جەرح و تەعدیلدا، ئەگەر لە ڕواڵەتی ڕیوایەتەکە کەموکوڕی هەبوو، ئەوە ئەبێ هەوڵ بدرێ کە بە باشترین شێوە عوزریان بۆ بهێنرێتەوە بۆیان تەئویل بکەین.

بۆ وانەکەین؟ لە کاتێکدا کە پێغەمبەری نازدار "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئەم کۆمەڵە پاکەی هەڵبژاردووە کە بیانکات بە یارویاوەری خۆی، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعاً سُجَّداً يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَاناً سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْأِنْجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾ (الفتح: ٢٩) . واتە: موحەممەد "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **پێغەمبەری** خوایە ئەو (باوەڕدار) انەش کە لەگەڵیدان بەرامبەر بێ باوەڕان توندو تیژن و لە نێوان خۆیاندا بە بەزەیین، دەیانبینی (هەمیشە) لە کوڕنوش و سوژدە بردن دان داوای بەهرەو ڕەزامەندی خودا دەکەن نیشانەیان لەناو چاوانیاندا دیارە بەهۆی زۆر سوژدە بردن (یانەوە)، ئەوە نموونەیانە لە تەوراتدا، ئەوە نموونەشیان لە ئینجیلدا وەك کشتوکاڵێك وایە کە چەکەرەی دەرکردبێ (سەوز بووبێ) ئینجا چەکەرەکەی بەهێز کردبێ و قاییم بووبێ جا لەسەر لاسکی خۆی ڕێك وەستابێ (ئەوەندە جوان بێ) جوتیارەکانی سەرسام کردبێ تا بە (زۆر بوونی)

هەوەڵانی داخ و مەراق بدا بە کافران خوا بەڵێنی داوە بەوانەیان کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان کردووە بە لێبوردن و پاداشتی گەورە (کە بەهەشت) ە.

"ئیبنو ئەبی یەزید" (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: (ئەبێ بێ دەنگ بین لە ئاست کێشەکانیان، چون ئەوان باشترین کەسن کە عوزریان بۆ بهێنرێتەوە و گومانی باشیان پێ ببردرێت).

هەروەها "ئیبنو دەقیقولعید" (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: ئەوەی بە دەست ئێمە گەیشتووە بە ناکۆکی و مشتومڕەکانیان، هەیانە تۆمەت و درۆو دەلەسەن، هەڵبەت ئێمە لەوە ئاوڕی لێنادەینەوە، وەلێ ئەوەی کە ڕاست و درووست بووە، ئەوە بە باشترین شێوە بۆیان لێك ئەدەینەوە، چونکە خوا بەگەورەیی خۆی مەدحی کردوون و عوزریانی بۆ هێناوەتەوە.

**چوارەم**: بەڵام ئەو قسەو گێڕدراوانەی کە سەبارەت بە کێشەکانیان بەدەست ئێمە گەیشتوون و سابت بوونە، ئەوەیە کە ئەوان تێیدا ئیجتیهادیان کردووە، هۆکاری ئیجتیهادەکەشیان دەگەڕێتەوە سەر چەند کێشەیەکی گوماناوی، لەبەر زۆری گومانبوونیان لە شتەکان ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان.. بۆ ئەمەش خەڵکەکە بوو ون بە سێبەش:

**بەشی یەکەم**: ئەم بەشەیان وا بۆیان ڕوون بووەوە کە هەق بەم لایەوەیە، ئەوەی موخالیفیش بێت پێیان کە باغین، بۆیە پێویستە پشتی خاوەن هەقەکە بگیرێت و لەگەل باغییەکاندا بکەونە شەڕو ململانێوە.. هەروەك واشیان کرد.. بۆیە بە پێویستیان نەدەزانی کە سستی بنوێنن لە ئاست سەرخستنی ئیمامی دادپەروەو شەڕکردن لەگەڵ باغی دەستدرێژکەر.

**بەشی دووەم**: بەشی دووەمیان بە پێچەوانەی بەشی یەکەم وایان بۆ ڕوون بووەوە کە هەق بە لاکەی ترەوەیە، بۆیە هەڵوێستی بەشی یەکەم لەگەڵ لایەنی یەکەم چۆن بوو، هەڵوێستی ئەوانیش لەبەرامبەر لایەنی دووەم بە

هەمان شێوە بوو. بۆیە لایەنی بەرامبەریان بە باغی دەزانی! بۆیە بە واجبیان زانی کە شەڕ لەگەڵ باغیدا بکەن بۆ سەرخستنی ئیمامی دادپەروەریان.

**سێیەمیان**: کەوتنە گومان لە کێشەکە! سەرسام بوون و نەیانتوانی تەرجیح بە لای **هیچ** کامیاندا بدەنەوە، بۆیە پشتیان **هەڵکردو** هەرکەس لە ماڵی خۆی دانیشت، دیارە کە ئەم ئیعتیزال و دوورە پەرێزییەش واجب بووە بەرامبەر **هەردوو** لایەنەکە. چونکە درووست نییە کە ڕووبەڕووی مسوڵمان ببیتەوەو شەڕیان دەگەڵدا بکەیت، تا ئەو کاتەی کە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کەسە موستەهەقی شەڕ لەگەڵ کردنە.

وێڕای هەموو ئەمانەش ئەبێ بزانین کە ئەم ناکۆکییەی نێوانیان تا گەیشت بەشەڕکردن لەگەڵ یەك **هیچ** کامیان بۆ ئیمامەت و بەیعەت نەبووە. خەڵکی (**جەمەل**) و (**سیففین**) بۆ ئەوە شەڕیان نەدەکرد کە نە ئیمام عەلی نە موعاویە نە غەیرەز ئەوان بۆ ئیمامەت جێگیر بکەن، هەتا (**تەڵحە**)و (**زوبێر**) ئەم هەستەیان نەبووە، بەڵکوو شەڕەکە خۆی لە خۆیدا فیتنە بوو بە پێی ڕای زۆربەی زانایان. وە بەهۆکار ئیجتیهادی هەردوو لایەکە بوو سەبارەت بە خوێنی ئیمام عوسمان "خوا لێی ڕازی بێت"، واتە دەبەریەك ڕاچوونی هەردوولا لە بنەڕەت بۆ شەڕکردن بووە بەرامبەر بە ئەهلی باغی.

"عەمری کوڕی شیببە" دەڵێت: هیچ کەس لە عائیشەوە بۆی نەگێڕاوینەتەوە کەوا شەڕیان ناکۆکی نواندن بووبێت سەبارەت بە خەلافەتی عەلی، بەڵکوو ئەوان بەوە نکووڵیان لە عەلی کرد چونکە بەرهەڵستی کردبوو لەوانەی کە عوسمانیان کوشتبوو لەوە کە تۆڵەیان لێ بسەنێتەوە.

هەڵبەت ئیمام زەهەبییش دیسان پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات، وەك دەفەرموێت: (ئەبوو موسلیمی خەولانی و خەڵکانێك کە لەگەڵی بوون، هاتنە لای موعاویە گوتیان: تۆ مونازەعەی عەلی دەکەیت یاخود تۆ وەك ئەویت؟ ئەویش گوتی: نا بەخوا؛ من دەزانم کە ئەو لەمن باشترە، وە ئەویش لە من شیاوترە بەم کارە، بەڵام ئایا ئێوە نازانن کە عوسمان بە ستەملێکراوی کوژرا؟! وە منیش پوورزای ئەوم و خوێنگری ئەوم، کەوابوو بڕۆن بۆ لای و پێی بڵێن: با عەلی بکوژی عوسمانم بۆ بگرێت و بۆ لای من پەلکێشی بکات، ئەوانیش دەچنە لای عەلی و قسەی

لەگەڵ دەکەن، کەچی عەلی وەڵامییان ناداتەوە ! !).

لە ڕیوایەتێکی تر وەك "ئیبنوکەسیر" (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: جا لەوکاتەدا خەڵکی شام لەگەڵ موعاویە کەوتنە شەڕ.

هەروەها جەماوەرانی سەحابە و پیاوە خاوەن پلەو فازڵەکانیان دانیشتن و نەهاتنە ناو فیتنەکەوە.

"عەبدوڵای کوڕی ئیمام ئەحمەد" (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: باوکم بۆی گێڕامەوە ئەویش لە "ئیسماعیلی کوڕی عەلییە"، ئەویش لە "ئەییوبی سەختیانی"، ئەویش لە "موحەممەدی کوڕی سیرین"، فەرمووی: کاتێ کە فیتنەکە هەڵایسا هاوەڵان دەهەزارکەس بوون، تەنها سەدیان بەڵکوو سی کەسیش لەوان بەشداری ئەو فیتنەیان نەکرد.

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: **ئەم سەنەدە دورووستترین سەنەدیانە لە سەر گۆی زەوی، وە موحەممەدی کوڕی سیرینش ئەوڕەعترین کەسی ناوچەکەبووە، وە ئەوانەی کە لەویشیان نەقل کردووە ڕاستگۆترین و دروستترین پەیامبەری بوونە.**

کەواتە کوان توێژەرەوان و لێکۆڵەرەوان کە بێن و لەو دەقە درووستانەوە ئەم هەقیقەتە وەربگرن، تا بۆیان ببێت بە خاڵی وەرچەخان، نەك بێن گوێ بۆ هەواڵە تێکەڵ و پێکەڵەکان بگرن و پشت لە دەقە درووستەکان بکەن ! !

### حوکمی جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"

بێگومان جنێودان کە بە عەرەبی پێی دەگوترێت (السب) مەبەستی پێ بێکەڵکی نواندن و لەکەسایەتی کەمکردنی ئەو کەسەیە کە پێی دەدرێت، لەوانە نەفرەتکردن و بەکافر دانان و بێحورمەتی کردن دەکەونە نێو بازنەی جنێودانەوە، کە دەمێکە پێشینە بەڕێزەکانمان لە خراپەو بێبایەخی ئەم ئەتوارە ناشیرنەی ئاگادار کردووینەتەوە، بەتایبەت سەبارەت بە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە دەبێ هەمیشە

خۆشمان بوێن و ڕێزو بایەخی تایبەتییان بۆ دابنێین.

گومان لەوەدا نییە کە ئەم نەوە قورئانییە بێ وێنەیەی دەروبەری پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان؛ باشترین ئوممەتی سەر زەمین بوون و هەتا هاتنی ڕۆژی دواییش کەڵەپیاوانی لەم چەشنە هەرگیز درووست نابنەوە، هاتن و فەتحی وڵاتانیان کردو ئایینی خوایان لە پێغەمبەرەوە بۆ گواستینەوە.. کەچی کوڕگەلێکی بێ دڵی ڕقن، ئەبینین کە زۆر بێبەزەییانەوە بێشەرمانەوە کەوتوونەتەبەر سووکایەتی کردن و جنێودان پێیان!! کە لە دواییا بە درێژی ئاماژەیان پێدەدەین. لە کاتێدا خوای پەروەردگار (سبحانه وتعالى) وە پێغەمبەری ئەکرەم "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بە پێز ئاماژەیان بە دادگەری و تاقانەیی ئەم پۆڵە سەحابە داوە، لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنْزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ (الفتح: ١٨). (پێشتر ڕاڤەمان کردووە). لێرەدا "عەبدوڵڵای کوڕی ئەوفا" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: هاوڕێیانی ژێر دارەکە بریتی بوون لە هەزارو سێسەد کەس، هەروەها "ئیبنوحەزم"یش (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: خوا هەواڵی دڵ و نییەتی ئەوانمان پێ ڕادەگەیەنێت کە لە بەر دڵ پاکی و نیەتی پاکیانەوە سوکنایی و ئاسوودەیی خستە دڵەکانیانەوە، کەوابوو درووست نییە بۆ هیچ کەسێك کە هەڵوەستەیان لەسەر بکات تا گومانی خراپیان پێ بەرێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ﴾ (الفتح: ١٢٩) (پێشتر ڕاڤەمان کردوە). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ١٠٠). (پێشتر ڕاڤەمان کردووە) وە چەندین ئایەتی تر ئاماژە بە دادگەری و سەرڕاستیان دەدات و بە پاکی و پیاو چاکیان ناودێنێ و دەریان دەخات.

هەروەها ئەگەر لە سوننەتی پێغەمبەری ئەکرەمیش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وردبینەوە، ئەوە هەمدیس باس لە دادگەری و جوامێری ئەو زاتە پاکانە دەکات. لەوانە "ئیبنومەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ

الَّذِينَ يَلُونَهُمْ» (رواه مسلم). (پێشتر شیمان کردۆتەوە).

ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زانایان تێکڕا یەکدەنگن کەوا باشترین سەدە سەدەی پێغەمبەر بووە، کە مەبەستی پێ هاوەڵانی بووە. (شرح النوري على مسلم ١٦/٨٤).

هەروەها لە "ئەبی سەعیدی خودری" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەر خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرموویەتی: «لاَ تَسُبُّوا اَصْحَابِي لاَ تَسُبُّوا اَصْحَابِي فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ اَنَّ اَحَدَكُمْ اَنْفَقَ مِثْلَ اُحُدٍ ذَهَبًا مَا اَدْرَكَ مُدَّ اَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ» (رواه مسلم). (پێشتر شیمان کرۆدتەوە).

وە لەو فەرموودەی کە ئیمامی "تەبەڕانی" لە "ئیبنوعەبباس" گێڕاویتیەوە کە پێغەمبەر خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرموویەتی: «فَمَنْ سَبَّهُمْ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ» (حسنه الألباني: صحيحي الجامع /٦٢٨٤). (پێشتر شیمان کردوتەوە).

کەواتە: ئەم چەند ئایەتەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی بە پێزی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەزڵ و پلەو پایەی یارانی پێغەمبەرمان پێ نیشان دەدەن، بۆیە هەر زوو هۆشداریان داوینەتێ لە جنێودان و سووکایەتی پێ کردنیان، هەڵبەت ئەمەش لە بەر چەند شتێکبووە، ئەویش:

(١) خوا پێی ڕاگەیاندووین کە لێیان ڕازییە.
(٢) لە دەیان فەرموودە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" تەزکییەی کردوون و بەرهەڵستی لێکردووین لە جنێودان وسووکایەتی پێکردنیان.
(٣) هاورێو هاوەدەمی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"بوون.
(٤) پێشی هەمووان ئەوان باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە و پەیامی پێغەمبەریان "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە ڕاست زانیوە.
(٥) تەواو بۆ شەریعەت و بەرنامەی خوا یەکلابوونەوە، تا ئەو کاتەی کە خوا ڕەزامەنی خۆی بۆ ئاشکرا کردوون.
(٦) ئەوەندەی توانیویانە شەریعەت وبەرنامەی خوایان گەیاندووە، هەروەك خوای گەورە فەتحی وڵاتانیشی

لەسەر دەستی ئەوان بە هەق گەیاندووە، هەروەك بوونەتە بیانووش بۆ سەر بەندەکان.

(٧) یەکەم کۆمەڵ بوون کە لە پێناو خوا ماڵ و سامانی خۆیان بەخت کردووە و ملی خۆیان تەواو بۆ فەرمانەکانی خوا کەچ کردووە.

(٨) بە فەرمانی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" کۆچیان کردووەو تەواو تەسلیم بە فەرمانەکانی بوون و خۆیان لە بەرهەڵستییەکانی وە دوور گرتووە.

(٩) هەموو ئەو خێرو پلەو پایەو زانست و جیهاد و چاکەکارییەی  کە ئێستا ئێمەی تێداین؛ تێکڕا دەگەڕێتەوە سەر فەزڵ و پلەو پایەی ئەو زاتە نەوە تاکانەی قوڕئان.

ئەگەر سەرێکیش بە قەول و قسە جوان و بە نرخەکانی زانایانی سەلەفیش دابگرین، ئەوە زۆر قەسەی جوانیان سەبارەت بە واجبوونی خۆشویستن و بەرهەڵستی لە سووکایەتی پێکردنییان دەبینین، لەوانە:

(١) لە "موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی حەسەن" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: هەرکەسێك لە پلەو پایەی ئەبووبەکرو عومەر بێئاگا بێت ئەوە لە سوننەتی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" بێ ئاگابووە.

(٢) لە "عەبدولعەزیزی کوڕی جەعفەری لوئلوئی"  (ڕەحمەتی خوا لیّ بێت) دەگێڕنەوە کە بە حەسەنی گوتووە: ئایا خۆشویستنی ئەبووبەکرو عومەر سوننەتە؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر! بەڵکوو خۆشویستنیان فەرزە.

(٣) لە "مەسرووق" دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: خۆشویستنی ئەبووبەکرو عومەر و زانینی فەزڵ و پلەو پایەیان لە سوننەتەوەیە.

(٤)  "ئەبوو زەرعەی ڕازی" دەڵێت: گوێم لە "قەبیسەی کوڕی عوتبە" بووە کە دەیفەرموو: خۆشویستنی تێکڕای هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" سوننەتە.

(٥) "مالیکی کوڕی ئەنەس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: سەلەفی ساڵحمان منداڵەکانی خۆیان فێری

خۆشویستنی ئەبووبەکرو عومەر دەکرد، وەك چۆن فێری سوورەتێ لە سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزیان دەکردن.

### بەرهەڵستی کردنیان لە جنێودان بە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت)

وەك چۆن سەلەفی سالْحمان هانی خەڵکەکەیان دەدا کە هاوەڵانی پێغەمبەریان خۆش بوێن، بەهەمان شێوە زۆر بە توندی بەرهەڵستییان لە جنێودان وسووکایەتی کردن دەکرد پێیان. لەوانە:

(١) به (عەلی)یان گوت: کەوا "ئیبنوسەودا" کە سووکایەتی بە ئەبوبەکرو عومەر دەکات!! بۆیە ئەویش دەست دەداتە شمشێرێك و بانگی ئیبنوسەودا دەکات و دەیەوێ بیکوژێت، بەڵام نایکوژێ و بۆ شامی دوور دەخاتەوە!!

(٢) لە "حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیب" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: نەمبینیوە کە کەسێك جنێو بە ئەبووبەکر بدات و تۆبەکردنی لا ئاسان بووبێت. (واتە: زۆر زەحمەتە کە ئەو کەسە بیری بەلای تۆبەوە بچێت؟!!).

(٣) لە عەمری کوڕی قەییس "خوا لێی ڕازی بێت" دەگێڕنەوە دەڵێت: گوێم لە "جەعفەری کوڕی موحەممەد" بووە کە دەیفەرموو: ( خوا لەو کەسە بەرییە کە لە ئەبوو بەکرو عومەر –خوا لێیان ڕازی بێت– بەری بێت).

(٤) ئیمامی ئەهلی سوننەت؛ "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" سەبارەت بەو کەسەی کە جنێو بە ئەبووبەکرو عومەر "خوا لێیان ڕازی بێت" دەدات، فەرموویەتی: ئەو کەسە لێی دەدرێت، وە ناشبینیم کە ئەو کەسە لە ناو ئیسلامدا مابێت!

(٥) لە "ئیسماعیلی کوڕی ئیسحاق" (ڕەحمەتی خوا لێ بێت) دەگێڕنەوە کە سەبارەت بە جنێودان بە عائیشە؛ فەرموویەتی: هەرکەسێك جنێو بە عائیشە بدات ئەبێ بکوژرێت!

(٦) "ئیمامی نەوەوی" (بە ڕەحمەت بێت) دەفەرموێت: جنێودان بە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) فاحیشەیەکە

لە فاحیشە حەڕامەکان! هەتا فیتنەخستنە ئۆباڵیشیانەوە هەر تاوانێکە لە تاوانە حەڕامەکان! چون هەتا لەو شەڕانەی کە کەوتبووە نێوانیشانەوە، هەر ئیجتیهادکردنێکی خۆیان بوو.

(٧) "قازی عییاز" (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: جنێودان بە هەر یەکێکیان تاوانە، لە مەزهەبی ئێمەش کە مەزهەبی جەماوەرە، ئەو کەسەی کە جنێو بە هاوەڵان دەدات، ناکوژرێت بەڵام تەریق دەکرێتەوە.. بەڵام لای مالکییەکان ئەو کەسە دەکوژرێت!!

**پوختەی قسان:**

دەتوانین بڵێین کە جنێودان بە هاوەڵان:

(١) **تانەگرتنە لە حیکمەت و زانینی خوا:** وەك تۆمەتدانیشە بە پاڵ خوا، کەوا باشترین کەڵەپیاوی بۆ هاودەمایەتی و هاوەڵێتی پێغەمبەرەکەی دەستنیشان کردووە.

(٢) **بەدرۆخستنەوەی قورئانە:** کاتێ کە مەدحیان دەکات و ڕەزامەندی خوایان بۆ باس دەکات.

(٣) **تۆمەتبارکردنی پێغەمبەرە** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": بەوە کە سەرکەوتوو نەبووە بە پەروەردەکردنی هاوەڵانی و جێگیرکردنی بیرباوەڕی درووست لە ناخیاندا.

(٤) **تانەگرتن و بێزرخکردنی خودی پێغەمبەرە** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": لە کاتێ کە فەرموویەتی: «الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ» (رواه أبو داود . والترمذي بإسنادٍ صحيح عن أبي هريرة رضي اللَّه عنه ، وقال الترمذي : حديثٌ حسنٌ). واتە: **پیاو لە سەر ئایینی هاوڕێکەیەتی، هەر یەك لە ئێوە سەرنج بدات کە هاوڕێیەتی کێ دەکەیت.**

(٥) **هەڵتەکاندنی متمانەیە لەهەموو ئەوانەی کە هاوەڵان لە قورئان و سوننەتەوە بۆیان نەقل کردووین:** چونکە هەواڵی درووست تەنها لای کەسانی دادگەرو سەرڕاستەوە وەردەگیرێت.

(٦) **لە خراترین ئاکامەکانیش؛ جنێودان بەتاڵ کردنەوەی هەموو دینە:** کە ئەم هاوەڵە بەڕێزانە بە ئەمانەتەوە بۆیان گواستووینەتەوە.

**کەواتە**: کە ئێستا بۆت ڕوون بووەوە کە جنێودان چ سووکایەتییەکی گەورەیە بە دینی خوا، دەی کەوابوو کەسێ کە ئاقڵ بێت قەت وا گومان دەبات کە بەم جنێودانە لە خوا وەنزیك بکەوێتەوە؟!! نا بەخوا! کەس ئەوە ناڵێت مەگەر مونافیق یا کەسێکی سەرسەری و گومڕاو سەرلێشێواو بێت.

"جابری کوڕی عەبدوڵڵا" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: بە عائیشەی دایکی بڕواداران گوت: خەڵکێك قسە لەسەر هاوەڵان دەکات، ئەڵێ ئەویش فەرمووی: هەتا قسە بە ئەبووبەکرو عومەریش دەڵێن؟ گوتییان بەڵێ! ئەویش فەرمووی: ئەو کەسانە لە کردەوەکانیان دابڕاون..! واتە: کردەوەیان پووچ بوەتەوە!!

هەروەها لە فەتوا هاوچەرخەکانیش هاتووە، لەوانە؛ لە فەتوایەکی "شێخ عەبدولعەزیز بن باز" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە حوکمی شەرعی بۆ ئەوکەسانەی کە جنێو بە هاوەڵان دەدەن دەفەرموێت: حەمدو سەنا بۆ خوا.. وەسەڵات و سەلام لە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و یارو یاوەرانی بێت..

پاشان: جنێودان بە هاوەڵان؛ تاوانێکی زۆر گەورەیە، بەڵکوو دەرچوونە لە ئیسلام! هەرکەسێك جنێویان پێ بدات و ڕقیان لێ بگرێت، ئەوە لە ئیسلام پاشگەز بووەتەوە.. چونکە هەر ئەو هاوەڵانە بوون کە شەریعەتی خوایان پێ گەیاندووین، وە هەر ئەوان فەرمایشتی پێغەمبەریان بۆ هێناوین.. وە هەر ئەوان وەحی خوایان بۆ گواستووینەتەوە کە قورئانە. بۆیە ئەوەی جنێویان پێ بدات و ڕقیان لێ بگرێت کافرە بووە بە خوا. (خوا پەنامان بدات)

**هەڵوێستی شیعەکان بەرامبەر بە هاوەڵانی پێغەمبەر** "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"

کەواتە ئێستا کە بۆت ڕوون بووەوە کە جنێودان و سووکایەتی کردن بە هاوەڵان مایەی دەرچوونە لە ئیسلام! لانی کەم مایەی پووچ بوونەوەی کردەوەکانە.. زۆرن لەوانەی کە سووکایەتی بە هاوەڵان دەکەن و بێڕێزی و بێحورمەتی بەرامبەر بەم نەوەتاکەی قورئان دەکەن.. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ کە ئاشکراو ڕوونە کە پێشەنگی جنێوفرۆشان و گاڵتەجاران بە ئیسلام و هاوەڵان؛ شیعەی ڕافزین! کە زۆر بێشەرمانە و بێ بەزەییانە جنێوو سووکایەتی بە هاوەڵانی پێغەمبەر دەکەن، لەکاتێ کە خوا لە ژوور حەوت چینی ئاسمانەوە ڕەزامەندی خۆی پێ گەیاندوون و پێغەمبەری ئەکرەمیش بە باشترین چینی سەر زەوی لە قەڵەم داون..

**شیعە**؛ کە خۆیان وا نیشان دەدەن کە شوێنکەوتەی ئەهلی بەیتی پێغەمبەرن "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"! بەڵام لە سووکایەتی کردن و بێڕێزی کردنیان بە هاوەڵان و ئەهلی بەیتی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" دەست و دەمیان وەك خەنجەری دەبان تیژو زۆر بێ ئەدەب و گێژوویژن.. لە هەموو دینداریەکان بێ خێرو سەرەو لێژن!! بۆیە لە دژایەتیکردنی هاوەڵاندا بێ بێژان (بێژینگ) هەموو شت دەبێژن!!!

**بۆ نـــــــا؟ ئاخر ئەگەر ئەوان قورئانی پیرۆز بە قورئانی خۆیان نەزانن.. ئەگەر ئەوان ئیمام عەلی "خوا لێی ڕازی بێت" بە مێشوولە لە قەڵەم بدەن.. ئەگەر ئەوان جوبریل بە ناپاك لەقەڵەم بدەن.. ئەگەر ئەوان پێغەمبەری خوا** "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" **بە نا حەکیم بزانن.. ئەگەر ئەوان پێیان وابێت کە عەلی دونیای درووست کردووەو هەر ئەویش قیامەت هەڵدەسێنێت..! ئەگەر ئەوان عائیشەی دایکمان بە دامێن پیس بزانن.. ئەگەر ئەوان پێیان وابێت هەموو هاوەڵان لە دوای وەفاتی پێغەمبەر** "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" **هەڵگەڕاونەتەوە..! ئەگەر ئەوان سوژدە بۆ بکوژی عومەری کوڕی خەتتاب ببەن و گۆڕی بکەن بە پەرستگای خۆیان..! ئەگەر ئەوان خوێنی هەموو ئەوانە بە حەڵاڵ بزانن کە ئەهلی سوننەن و شوێنکەوتەی پێغەمبەری ئەکرەم و سەلەفی ساڵحن..! هەڵبەت ئەگەر کەسێ ئەمە هەڵوێستی بێت ئەوە بێگومان زۆر ئاسانە لای کە سووکایەتی بە یارانی پێغەمبەر بکات و جنێوی تاڵ و بەتاڵیان پێ بدات و نەفرەتیان بۆ بنێرێت!!**

**بۆ نـــــا؟ چون ئەوان ئێستا بە جیهادی ئەم کەڵەپیاوانەی دەوری پێغەمبەر** "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"

**سووتاون.. بۆیە هەمیشە چاویان لە تۆڵەیە بەرامبەر ئەو هەموو فەتحە یەك بەدوای یەکانەی کە هاوەڵان پشتی باپیرانی شیعەیان پێ شکاند و دەسەڵاتی داروەدەستەیانیان دارماند.. شوێن و مەکانی بێباوەڕانیان هەڵتەکاند.. ملی کافران و بێ باوەڕانییان شۆڕکردو دانەواند.. بوت و سەنەمانیان تێکشکاند کە ئەوان سوژدەیان بۆ دەبردن و وەك خوا پەرستنیان بۆ دەکردن!! بەڵێ ئەم هاوەڵە بەڕێزانە هاتن کۆشکوتەلاری دەسەلاتدارانی فارسیان لەڕیشە دەرهێناو ئاڵای یەکخواناسی و یەکتاپەرستییان لەسەردا چەقاند... بۆیە ڕۆڵەی ئاگرپەرستان و جوولەکەی داخ لەدڵان بۆ تۆڵەی ئەم هەموو فەتحە گەورەیەی ئەهلی ئیسلام کە لەسەر دەستی هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتووانیان ڕوویدا؛ وەستانەوەو هاتن تا ئەم ڕووناکییە پرشنگدارەی ئەوان دابمرکێننەوە، کۆبوونەوە لە ژێر پەردەی خۆشویستنی ئال و بەیتی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، (کە پێغەمبەرو ئال و بەیتی لەوان بەرین) لەدژیاندا وەستانەوە!!!**

یەکەم چەکێك کە لە دژی هاوەڵان بەکاریان هێنا ئەوەبوو گوتیان: هەموو مسوڵمانان لە دوای وەفاتی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەڵگەڕانەوە تەنها چوار کەس نەبێت؟!! سەیری کتێبی (سليم بن قيس العامری) لاپەڕە (٩٢) بکەن.. سەیریش ئەوەیە کە زۆربەی جوولەکەکان بۆ ناشیرینکردن و سووکایەتی کردن بە ئیسلام و مسوڵمانان گوێمستی ئەم کتێبەن!!! چون پڕییەتی لە جنێودان و نەفرەت و سووکایەتیی بە هاوەڵان!!

ئەوان ڕقیان زۆر لە ئیمام بوخارییە چونکە بە پێی ڕای تێکڕای زانایان لە دوای قورئان پاکترین کتێب لە سەر زەوی سەحیحی بوخارییە.. چونکە ئەم کەڵە پیاوە هەڵساوە لەم کتێبە نایابەی خۆی هەموو فەرموودەیەکی درووست و سەحیحی داناوە، کە لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە دەماو دەم گەیشتووە بە ئیمام بوخاری، بۆیە لە سەحیحەکەیدا پانتاییەکی گەورەی بۆ فەزڵ و پلەو پایەی هاوەڵان تەرخانکردووە.. کەچی "کولەینی" کە یەکێکە لە سەر مەزهەبەکانییان دەڵێت: **هەموو هاوەڵان لەدوای پێغەمبەر** "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **پاشگەزبوونەوە تەنها سێ کەس نەبێت؛ کە بریتین لە: (میقدادی کوڕی ئەسوەد و ئەبووزەڕی غیففاری و سەلمانی فارسی)** (الروضة من الكافي ٨ /٢٤٥).

یان "مەجلیسی" دەڵێت: **هەموو خەڵك لە دوای وەفاتی پێغەمبەر** "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **پاشگەز بوونەتەوە، تەنها ئەبووزەڕو میقدادو سەلمان نەبێت!!** (حياة القلوب للمجليسي ٦٤٠/٢). بەڵام دەبێ پرسیار

بکەین: ئەی باشە ئەهلی بەیت؛ لەوانە عەبباسی مامی پێغەمبەر و عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عوقەیلی برای عەلی و عەلی کوڕی ئەبووتالیب بۆخۆی بۆ کێ چوون؟ ئایا ئەوانیش هەر لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە؟!! پەنا بە خوا لە نەفامی و لە بێشەرمیی..

**بەڵێ خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژاو سەنگین:**

ئەوان کە پێیان وایە کە هەموو یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە دوای وەفاتی پاشگەزبوونەتەوە تەنها سێ کەس نەبێت، هەر بۆیە متمانەیان بە هیچ کەسێ لە هاوەڵان نەماوە!!

بۆیە یەکێکی وەك "موحەممەد حەسەن ئال کاشیفولغیتا" (ئەمە ناوەکەیەتی) کە یەکێکە لە بەناو پیاوە باش و کراوەکانی شیعە و وەك شێخێکی خۆیانی حسێب دەکەن دەڵێت: **هەرچی شتێك کە لە "ئەبووهورەیرەو عەمری کوڕی عاس" (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕدرابێتەوە لای ئێمە مێشوولەیەك ناهێنێت؟!!!**

یان خومەینی لە کتێبی (كشف الإسرار)دا دەڵێت: **ئەبووبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) درۆزنە کاتێ فەرموودەیەك بە دەم پێغەمبەرەوە هەڵدەبەستێت گوایە پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فەرموویەتی:** « نَحْنُ مَعَاشِرَ الأَنْبِيَاءِ لَا نُورَثُ مَا تَرَكْنَا صَدَقَة »؟!!!! (الإمام الشوكاني/ فتح القدير - ٤٥٦/٣). **واتە: ئێمەی پێغەمبەران بێمیراتین، ئەوەی جێمان هێشتووە تەنها سەدەقەیە.**

ئەمە خومەینی(بە هیلاکچوو)ە کە دەبینین لۆمەو سەرکۆنەی سەحابەی کێڕام دەکات و لە شانوشەوکەتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کەم دەکاتەوە، هەروەها لەهەمان کتێبدا لە لاپەڕە (١٥٥) دا دەڵێت: ئاشکرایە کە ئەگەر پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کاری ئیمامەتی یەکلا بکردایەتەوە بەم شێوەی کە خوا فەرمانی پێکردبوو، ئەوە ئەمڕۆ ئەم هەموو شەڕە لە وڵاتانی ئیسلامیدا نەئەنرایەوە؟!!! (پەنا بەخوا لەم بێ ئەدەبییە.. لەم نەفامی و لەم بێشەرمییە!).

هەروەها لە هەمان کتێبدا دەڵێت: **تێکرا پێغەمبەران هاتن تاکوو دادگەری لە جیهاندا بچەسپێنن، بەڵام**

**سەركەوتوو نەبوون، هەتا موحەممەد كە دوایین پێغەمبەرە** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **كەوا بۆ چاككردنی حاڵی مرۆڤەكان هاتبوو، بەڵام هەر سەركەوتوو نەبوو!!**

یان دەڵێت: **لە دایكبوونی ئیمام مەهدی جەژنێكی گەورەیە بۆ مسوڵمانان، بەڵكوو گەورەترە لە جێژنی لە دایكبوونی موحەممەد. (ڕۆژنامەی –**الرأي العام الكويتية– **(١٧)ی شەعبان ساڵی (١٤٠٠)ی كۆچی و گۆڤاری – المجتمع ژمارە ٤٨٨–ی ساڵی ١٩٨٠/٧/٨).**

یاخود گوێ بدەنە "حوسێن ئەلموسەوی" كە ئەكێكە لە گەورە زانایانی شیعەو یەكێكە لە پیاوە نزیكەكانی خومەینی، كە لە دواییا تۆبەدەكات و خوا هیدایەتی دەدات و لە دواییا دەكوژرێت، لە كتێبی (لله ثم للتاريخ) دەڵێت: "سەیید عەلی غەرەوی" **كە یەكێكە لە گەورە زانایانی حەوزە گوتوویەتی: هەر دەبێت پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **ئاگری دۆزەخ بە دامێنیدا بچێتە خوار، چونكە ئەویش هەندێ لە كاری شیركی ئەنجام داوە؟!!! كە مەبەستی خێزانی پاكی كچی پاك؛ خاتوو عائیشە و حەفسەی خێزانی و دایكی بڕوادارنە، چونكە هەردووكیان موشریكەبوونەو لە باوكێكی موشریكەوە هاتوونەتە بوون؟!!!**

بۆنـــــا؟ ئەگەر ئەوان نرخی مێشوولەیەك بۆ پێغەمبەران دانەنێن، چۆن نرخ و بەها بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دادەنێن؟ **ئەوان لە سەرەنجامی غلووكردنیان بۆ عەلی كوڕی ئەبووتاڵیب و حوسێنی گەورەی گەنجانی بەهەشت، تێكڕای دوازدە پێشەواكە پێیان وایە كە ئەوانە باشترن لە نووح و لە ئیبراهیم و لە موساو لە عیسا و تێكڕای پێغەمبەران** (على نبيينا وعليهم أفضل الصلاة والسلام).!!

خومەینی لە كتێبی (الحكومة الإسلامية) لاپەڕە (٧٥)دا دەڵێت: **هەر یەك لەم دوازدە پێشەوایە پلەو مەقامیان هەندە بەرزە بە جۆرێ كە تێكڕای وردیلەكانی بوونەوەر دەكەونە ژێر ویلایەتی ئەوانەوە!! پلەیان بە چەشنێكە كە نەهیچ فریشتەیەكی ڕێزدار، نە هیچ پێغەمبەرێك نەگەیشتوون بەم پلەیە؟!!**
هەروەها لە هەمان كتێبدا لە لاپەڕە (٩٥) دا دەڵێت: **فەقیهی ڕافیزی بە پلەی موساو عیسایە!! واتە ئەوان دوازدە ئیمامەكە بە باشتر لە هەموو پێغەمبەران دەزانن!! (خوا پەنامان بدات).**
هەروەها لە كتێبی (كشف الأسرار) لاپەڕە (١٠٧) لە ژێرناونیشانی دژایەتی كردنی قورئان لە لایەن ئەبووبەكرو

عومەردا دەڵێت: **ئێمە لێرە هیچ کارمان بە موخالەفەکانی ئەبووبەکرو عومەر بەرامبەر بە قورئان نییە کە چۆن یارییان بە ئەحکامەکانی ئیلاهـ کردووەو حەلالیان حەرام و حەرامیان حەلال کردووە، یان کە چۆن ستەمیان لە فاتیمە کردووەو لە بەرامبەر کوڕەکانی وەستاونەتەوە !! بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بە نەفامییان دەکەین بەرامبەر بە دین و بە خوا؟!! وێنەی ئەوکەسانە لە نەفامی و دەبەنگی و زوڵم و ستەمیان قەت ناوەشێتەوە کە ببن بە خەلیفەی مسوڵمانان؟!!!** (ئەمەش لە تووڕەهاتێکی تری ئەم زاتە لاتە بە هیلاکچووە..).

ئینجا دێتە خوارەوە باس لە گەورەمان "عومەری کوڕی خەتتاب" دەکات (خوا لێی ڕازی بێت)، دەڵێت: کردەوەکانی عومەر لە کوفرو زەندەقەیەوە کە لە موخالەفەکردنی قورئانەوە هەڵیدەقوڵاند؟!! (كشف الأسرار – ل/ ١١٦).

هەروەها لە کتێبی (حق اليقين) لە لاپەڕە (٢٠٦) دا دەڵێت: **ئەبووبەکر هاوڕێ و هاودەمی شەیتانە لە دۆزەخ!!**

وە سەبارەت بە عومەر لە لاپەڕە (٢٢٣) دا دەڵێت: **عومەر ناسراوە بەوە کە کافرو مونافیق و دوژمنی ئەهلی بەیت بووەو خوێنی هەموو شەهیدانییش لە ئەستۆیبووە.**

هەروەها لە هەمان کتێب لە لاپەڕە (٥١٩) دا دەڵێت: **بیروباوەڕمان سەبارەت بە بەری بوونمان بەرامبەر بە چوار بوتەکە (ئەبووبەکرو عومەرو عوسمان و موعاویە) و چوار ئافرەتەکە (عائیشەو حەفسەو هیندو ئوممولحەکەم) ئەوەیە کە ئەوانە خراپترین درووستکراوی سەرزەوین؟!!!**

وە سەبارەت بە عائشە دەڵێت: **کە مەهدی دێت، عائیشە زیندوودەکاتەوەو داری لێ ئەداو حوکمی زینای لێ دەرئەکات ؟!!!**

هەروەها لە کتێبی (حياة القلوب) جزمی (٢) لاپەڕە (٧٤٧) دا لە ژێر ناونیشانی حاڵی خراپەکاری عائیشەو حەفسە دەڵێت: **عائیشە و حەفسە ژەهریان دەرخواردی پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **داوە تا کوشتوویانە؟!!!**

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: **ئەبووبەکرو عومەر دوو کافرن، ئەوەی خۆشیانی بوێن وەك ئەوان کافر دەبێت؟!!**

هەروەها "حوسێن موسەوی" لە کتێبی (لله ثم للتاريخ) لە لاپەڕە (٨٧) دا دەڵێت: **خومەینی هەمیشە لە دوای**

**نوێژی بەیانی ئەم دوعایەی دەکردو دەیگوت: سەڵات و سەلام لە سەر موحەممەدو ئال و بەیتی موحەممەد، خودایە نەفرەت کەیت لە بوتەکانی قورەیش و لە دوو تاغووت و دوو کچەکانی (کە مەبەستی پێ عائیشەو حەفسە بووە)، کە لە دژی فەرمانی تۆ وەستانەوەو نکوڵیان لە وەحی تۆ کردو لە فەرمانی پێغەمبەرەکەت دەرچوون ودینی تۆیان هەڵگێڕایەوە و کتێبی تۆیان گۆڕی و فەرپزەکانی تۆیان پووچ کردەوە و لە دینی تۆ دەرچوون و دوژمنی تۆیان خۆش ویست و وڵاتی تۆیان تێکداو بەندەکانی تۆیان بێ کەڵك خست! خودایە نەفرەتی خۆت بنێرە بۆسەریان و بۆ هەموو ئەوانەی شوێنیان دەکەون و دۆستایەتییان لەگەڵدا دەکەن و خۆشیان دەوێن.. هەر ئەوانە بوون کە زیانیان بە ماڵی پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **گەیاند...؟!!!**

**خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژاو سەنگین:**

بڕۆن بخوێننەوە، وردببنەوە.. بزانن کە چەندە قسەی بۆگەن و بێکەڵکیان هەیە لە مەڕ هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە ئەوەی وەردی داتەوەو سەیریان بکات و بیانخوێنێتەوە قژی منداڵی پێ سپی دەبێت، ئەبینین کە بە کافر دانانی ئەبووبەکرو عومەر دڵیان ئاوی نەخواردۆتەوە.. کەچی چی تر و چۆنی تر بەرامبەریان قڵب ئەدەن و دەڕشێنەوە؟!!

نیقموتوڵڵای جەزائیری (مەبەستم بە ناو نیعموتوڵڵای جەزائیرییە) کە یەکێکە لە ئیمامە گەورەکانی شیعەی ڕافیزی لە کتێبی (الأنوار النعمانية) لاپەرە (٦٣) دا لە جزمی (١) دا دەڵێت: **عومەری کوڕی خەتتاب توشی نەخۆشییەك ببو لە کۆمی، ژان و ئازاری دانەئەمرکایەوە بە ئاوی پیاوان نەبێت؟؟؟!!!!!!!** (والله المستعان على ما يصفون)

**دەك خوا کوێرتان کات و تووشی وەها دەردێك ببن بە هیچ دەرمانێ ئۆقرە نەگرن! ئومێدی مردن بکەن و نەمرن! لە کاتێ کە یەکەم کەس نازناوی ئەمیرولمونمینینی پێ بەخشرا؛ عومەری کوڕی خەتتاب بوو، ئەو کەڵە پیاوەی هەر زوو دەرکی بەم کورگەلە بێئابڕووانە کردو ئیمبڕتۆرییەتی فارسی لە بن هێنا).**

یاخود دەڵێت: **عومەر ئەگەر لەگەڵ خێزانی خۆیش جووت ببوایە، ئەوە هەر لە کۆمییەوە لەگەڵی جووت دەبوو!!!!**

**توخوا مسوڵمانان، پێم ناڵێن: ئاخر ئەم چڵکنە دەم پیسە، چ چیلکەدارێکی پووچە وا بەرامبەر بەم خەلیفە ڕاشیدە سەرڕساتە هەڵدەوریێ و دەڕشێتەوە!!! وا بە ئاسان دەم لە گۆشتی پاکیان وەر ئەدات و قەپی چڵکنی وا لە شەرواڵیان گیر دەکات.. بە خوا قەسەم ئەم جۆرە قسە پڕووپووچانە تەنها لە دەمی کەسانی فاجیرو شەرواڵ پیسەوە دەردەچێت.**

ئەمەیە تۆمەت و بوختانی شیعەی ڕقن بەرامبەر خۆشەویسترین کەسی "عەلی کوڕی ئەبووتالیب" (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە هەر لەبەر خۆشەویستی عەلی بۆ عومەر، ڕازی بوو کچەکەی خۆی (ئوم کەلسووم) بدات بە عومەر! ئاخر ئەگەر ئەوان بانگەشەی خۆشویستنی عەلی دەکەن، ئادەی ئەگەر تۆزقاڵێ پیاوەتیتان تیادایە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە؟ ئایا عەلی کوڕی ئەبوو تالیب چۆن ڕازی بوو بەوە کە کچەکەی خۆی بدات بە پیاوێك کە شەوانە لە جیاتی فەرجییەوە لە کۆمییەوە لەگەڵیدا جووت ببێت؟!!! پرسیارێکەو دەمێکە کراوە، کەچی هەموو حاخامە یەك بەدوا یەکەکانی شیعە دەستاوسانن لە وەڵامدانەوەی؟!!! ئاخر چۆن ئیمامێك کە لای ئێوە مەعسوومە کە عەلییە، چۆن ڕازی بە وەها کارێك بوو؟!!!

بۆیە ئەم ڕقەی ئەوێ ڕۆژیان هەر لە دڵە بەرامبەر بە عومەر کە هەڵسا ئیمپرتۆرییەتی فارسەکانی لە بن هێنان و تەخت و تاراجی بۆ پێچانەوە، بۆیە بە کوژرانی عومەر زۆر دڵخۆش دەبن و بەگەورەترین جێژنی خۆیانی حسێب دەکەن..

بەڵێ شیعەی دوازدە ئیمامی شەکراو لە ساڵڕۆژی کوشتنی عومەر دەبەخشنەوە، هەموو ساڵ لەم ڕۆژەدا دەچنە سەر گۆڕی "ئەبوولوئلوئی مەجووسی" سوژدەی بۆ دەبەن و خۆی پێ هەڵدەسوون و تەبەڕووکی پێ دەکەن، وە پێیان وایە کەوا ئەبولوئلوئی مەجووسی یەکە لە مسوڵمانە هەر باشەکانی ئەم ئوممەتە!!!!

توخوا قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان پێغەمبەری خوا جنێوی وای بە ئەبووبەکرو عومەر داوە؟ ئەی نەیانبیستووە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەرامبەر بە ئەبووبەکر "خوا لێی ڕازی بێت" دەفەرموێت: ئەگەر

ئیمانی هەموو ئوممەت بخرێتە تایەکی تەرازووو ئیمانی ئەبووبەکریش بخرێتە لاکەی تر ئەوە ئیمانی ئەبووبەکر قورستر لەوانی تر دەوەستێ!

ئایا نەیانبیستووە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەبارەی عومەری کوڕی خەتتابیش "خوا لێی ڕازی بێت" فەرموویەتی: ئەگەر لە دوای من پێغەمبەرێك هەبێت؛ ئەوە عومەرە کە دەبێت بە پێغەمبەر..! وە ئەگەر شەیتان چاوی بە عومەر بکەوێت ئەوە لە ترسی عومەر ڕێگاکەی خۆی دەگۆڕێت!!

ئەی نەیانبیستووە کەوا عومەر و ئەبووبەکر "خوا لێیان ڕازی بێت" یەکێك بوون لە عەشەرەی موبەششەرە، واتە خوا بە ئاشکرا موژدەی بەهەشتی پێدابوون؟!!! ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" جنێوی بە عوسمان داوە؟ ئەی نەیانبیستووە کە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەرامبەر بە عوسمان فەرموویەتی: من چۆن شەرم لە پیاوێك نەکەم کە تێکڕا فریشتەکانی ئاسمان شەرمی لێ دەکەن؟!!

**خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژاو سەنگین:**

ئەم قسانەی شیعە کە باس کران چەند قسەیەکی بێسەرو بێمانای شیعەی ڕافزی بوون لە وێنەی مەجلیسی و خومەینی و کوڵەینییە بەهیلاکچووەکانی شیعەی ڕافزی سەبارەت بە هاوەڵان و ئابڕووی پاکی پێغەمبەرمان"صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سەرو ماڵمان ببێت بە قوربانی.

لێرەدا کۆتایی بەم باسە هات..!

کە هەڵبەت چەندین لاپەڕەی تری لەسەر بنووسین و لە گەورەیی و فەزڵی ئەم زاتە بێوێنانەی ئیسلام و بدوێین؛ ئەوە دڵۆپێکیشمان لە دەریایەکی پان و بەرینی ئەوان باس نەکردووە.. بەڵام شایەتی خوا بەسە بۆ پاکی و تاقانەیی ئەم ئوممەتە پێشینەی ئیسلام و ئەو هاوەڵە بەرزانەی پێغەمبەر"صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە فەرموویەتی: ﴿رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ﴾ (التوبة: ١٠٠). یانی: خوا لێیان ڕازییەو، ئەوانیش لە خوا ڕازین.

خوای گەورە لە هەموو لامان ڕازی ببێت و لەگەڵ پێغەمبەرو یارو یاوەرانی لە فیردەوسی بەرین کۆ بکاتەوە.

ئامین.

سُبْحَانَكَ اللّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ وَاَسْتَغْفِرُكَ وَاَتُوبُ اِلَيْكَ

---

**سەرچاوە:**


(١) أعلام الموقعين عن رب العالمين: ابن قيم الجوزية

(٢) موقف الشيعة من الصحابة: موقع الدرر السنية

(٣) موقف الشيعة من الصحابة .. هل يدعو إلى التقريب ..؟! : يوسف بدري

(٤) الإصابة في حكم سب الصحابة : وليد دويدار

(٥) موقف اهل السنه والجماعه من الفتنه بين الصحابه رضي الله عنهم : موقع المجلس اليمني

(٦) صور من حب الصحابه للرسول عليه الصلاة والسلام: احمد زيما

(٧) العقيدة الطحاوية

(٨) لماذا نحب الصحابة: منتديات الدفاع عن الصحابة

(٩) معا لم في الطريق سيد قطب

(١٠) تيسير كريم الرحمن في تفسير كلام المنان : عبدالرحمن بن ناصر السعدي

**(١١) پوختەی تەفسیری قورئان: مەلا موحەمەد مەلا ساڵح**